www.pertwk.com

# کورد لە یاداشتەکانی ئارچی رۆزڤێڵت دا


نووسینی
ئارچی رۆزفێڵت

وەرگێڕانی لەفارسییەوە
کارزان محەمەد

**عنوانی کتێبەکە بەفارسی**


روزولت، آرچیبالد،1918-
شوق آموختن/ نوشته آرچیبالد روزولت" ترجمه صهبا سعیدی- تهران: اطلاعات،1371.
574ص: مصور عکس
چاپ دوم:1374
1. روزفلت، آرچیبالد، 1918- -خاطرات.
2. خاطرات آمریکایی. الف عنوان.ب. سعیدی، صهبا، مترجم.
923/2
ش 813ر
Ds

www.pertwk.com




## وەزارتی رۆشنبیری

### بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

. orgwww.roshnbiri

khanaywargeran@yahoo.com

ناوی کتێب: کورد لەیاداشتەکان ئارچی رۆزفێڵت دا

نووسینی: ئارچی رۆزفێڵت

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کارزان محەممەد

تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: بەهرە عیزەدین

نەخشەسازیی بەرگ: فەرهاد مەلا حەسەن

زنجیرە:24

تیراژ: 1000 دانە

ژمارەی سپاردنی: 318

چاپی یەکەم: 2003- سلێمانی

www.pertwk.com

www.pertwk.com



# پێشه‌کی

بێگومان یه‌کێك له سه‌روه‌رییه‌کانی مێژووی کورد، ئه‌و بایه‌خه زۆره‌یه که سیاسه‌تمه‌داران‌و ڕۆژهه‌ڵاتناسان‌و گه‌ڕیده بیانییه‌کان داویانه به‌کوردستان‌و له‌گه‌لێك بواردا توێژینه‌وه‌یان ده‌رباره‌ی کردووه که ئه‌مڕۆ به‌سه‌رمایه‌یه‌کی ده‌وڵه‌مه‌ندی مێژوویی ده‌ژمێردرێت.

ئه‌م توێژینه‌وه‌و یاداشتانه‌ی له‌سه‌رکوردنووسراوه، به‌ده‌رله‌وه‌ی به‌شێکی زۆریان به‌شێوه‌یه‌کی پۆزه‌تیڤانه له کێشه‌ی کورد دواون، گه‌لیێك لایه‌نی مێژوویشیان ڕۆشنکردۆته‌وه. یه‌کێك له‌ویادداشته به‌نرخانه‌ی تایبه‌تمه‌ندییه‌کی گرنگی بۆ مێژووی کورد هه‌یه، یادداشته‌کانی (ئارچی ڕۆزڤێڵت)ه که له‌لایه‌ن (صه‌هبا سه‌عیدی) یه‌وه وه‌رگێڕدراوه‌ته سه‌ر زمانی فارسی و به قه‌واره‌ی (574) لاپه‌ڕه و له‌ژێرناوی (شوق اموختن)دا دووجار له سالآنی(1991–1995)دا له تاران به‌چاپی گه‌یاندووه.

نوسه‌ر یاداشته‌کانی خۆی له (9) به‌ش دا پۆلێن کردووه، سه‌ره‌تای یاداشته‌کانی ته‌رخانکردووه بۆ ته‌مه‌نی منداڵی له (ساگامورهیڵ) وچۆنیه‌تی ته‌واوکردنی قۆناغی خوێندنی زانکۆ. به‌شه‌کانی تری تایبه‌ته به‌شێوازی کاره‌کانی که وه‌کو دیبلۆمات‌و





هه‌واڵگری (CIA)ی ئه‌مه‌ریکا له ئه‌فه‌ریقای باکورو زۆربه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی وئیران و....هتد کاری کردوه.

به‌ڵام گرنگترین به‌شی یاداشته‌کانی، به‌شی چواره‌مه که تیایدا ( 42) لاپه‌ڕه‌ی ته‌رخانکردووه بۆ شۆڕشی شێخ مه‌حمودو کۆماری‌مه‌هابادو نوسه‌ر له دیدی ئه‌مه‌ریکاوه وه‌کو دیبلۆمات و هه‌واڵگرێکی (CIA) ڕۆشنایی خستۆته سه‌ر.

نوسه‌رله به‌شی چواره‌مدا و له لاپه‌ڕه‌کانی (309–352) که تایبه‌ته به کورد، چه‌ندین یادداشت و بیره‌وه‌ریی خۆی نوسیوه سه‌باره‌ت به شۆرشی شێخ مه‌حمودو کۆماری مه‌هابادو شۆڕشی بارزان و زۆر لایه‌نی شاراوه‌ی خستۆته به‌رباس و لێکۆڵینه‌وه.

دوابه‌شی ئه‌م کتێبه" ته‌رخانکراوه بۆ ئه‌لبومی وێنه‌کان و گه‌لێك وێنه‌ی مێژوویی به‌نرخی له‌خۆگرتوه، یه‌کێك له‌و وێنه به‌نرخانه‌ش، وێنه‌یه‌کی (قازی محه‌مه‌دی نه‌مر وئارچی ڕۆزڤێڵت)ه که تائه‌مڕۆش له ئه‌رشیفی وێنه‌ی کوردیدا نیه.

دواجار گرنگی ئه‌م کتێبه له‌وه‌دایه باس له هه‌ستیارترین سه‌رده‌می میژوویی کورد ده‌کات له سه‌ده‌ی بیسته‌مدا وله‌و ڕوانگه‌یه‌وه وه‌رمگێڕایه سه‌ر زمانی شیرینی کوردی و به‌هیواشم له ئاینده‌یه‌کی نزیکیشدا سه‌رجه‌م یاداشته‌کانی ژیانی وه‌ربگێڕم.

www.pertwk.com



وەرگێڕی کوردی

## کوردەکان

بەرلەوەی چارەنووس کاری ئایندەی من دیاری بکات، بەشێك لە ئەرکەکانی من لە تاران، لەسەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی جەنگی سارد و دواڕۆژەکانی نیشتەجێ بوونم لە تاران، تووشی کۆتاییەکی غەمبار بووم، کە بەشێك بوو لەو پەیوەندییانەی لەدواڕۆژەکانی نیشتەجێ بوونم لە بەغداد لەگەڵ کوردەکان، داممەزراندبوو. پێشتر کاتێك لەبەغدابووم بڕیارمدا سەرنجم ئاراستەی مەسەلەی عەرەب" بەتایبەتی هۆزە عەرەبیەکان بکەم. چونکە ئەو کەسەی کە پێش من کارەکەی منی دەکرد، لەم دواییانە خوێندنەوەیەکی گشتی وتەواوی دەربارەی کوردان –نائارامترین گروپی ناوچەی ئەو سەردەمە– ئەنجام دابوو.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان لە عیڕاق وناوچەکانی سنوری نێوان عیڕاق – ئیڕان، گرنگی مەسەلەی کوردەکانی زیاتر کرد و بە حوکمی زەرورەت، سەرنجی منی ئاراستەی مەسەلە هەواڵگریەکان کرد کە پەیوەندیدار بوو بەم نەتەوەیەوە. لەم ڕووەوە لە





سەرەتای هاوینی ساڵی ( 1945)دا بەناچاری تووشی مەسەلەی کوردەکان بوم.

لە دنیادا کەم جێگاهەیە وەکو کوردستان بینەر ڕاکێش بکات بۆدیمەنەکانی. کێوە سەختەکانی ئەم ناوچەیە (کە لە هەندێ شوێندا وشكو ڕووتەنەو لە هەندێ شوێنی تردا بەدرەختی کورتی بەڕوو و کاژ داپۆشراوە) لەهەندێ جێگادا دۆڵی پانی دروستکردوە. وە تاچاو بڕەدەکات لەهەر گۆشەیەکی ئەم دۆڵانەدا، خانووی گوندیانەی بەخشت و بەرد دروستکراوی کوردەکانی تیادا بڵاوبۆتەوە. من بۆ یەکەم جار چل ساڵ لەمەوپێش بە سەردان گوندێکی کوردیم بینی بەلاپاڵی کێوێکەوە کە دەیڕوانی بەسەر دۆڵیکی قوڵدا، بنیادنرابوو. لەکۆتایی دۆڵەکەدا بەزەحمەت باریکە ڕووبارێکی ڕەنگ زیویی جیادەکرایەوە کە بەرەو دەشتێك دەچوو. پێموایە ئەو یادداشتانەی لەو ڕۆژگارەدا دەربارەی ئەو گوندە کوردییە نووسیومە، هەتائێستاش بۆ زۆربەی دیهاتە کوردنشینەکان هەر ڕاستە.

(( جلوبەرگی دیهاتییەکان و خانوەکانیان بۆتە هۆی ئەوەی هەست بکەم لە ( شانگری لا )م. پیاوەکان جامانەیەکی گەورەی رەنگاورەنگیان لەسەردایە کە گوڵینکەی جوان و لەژمارنەهاتووی پێوەیەو لەڕووی پێشەوە وناوچاوانی" شۆڕبوونەتەوە. لەشیان بە پۆشاکێکی ڕەنگ ڕۆشن دادەپۆشن و لەسەر

www.pertwk.com



جلوبەرگـەكانیان ڕیـزە فیشـەكیان بـە شـێوەی ( xX) بەستووەو قاوانی فیشەكەكان لـەژێر تیشكی هـەتاودا تیشـــكدانەوەیەكی تایبـــەتی هەیـــە. شـــەڕواڵە فراوانــەكانی ئــەم پیاوانــە، پشــتێنێكی زۆر پــان و درێژی لەسەردەبەستن كە لـە چـەند یـاردێكی قوماشـی ڕەنگـاوڕەنگ ئامـادەكراوە وچـەند جارێـك لـەدەوری پشــتیان دەپێچــن. ئــەم پشــتێنە بەســەر گیرفــانی جلوبەرگەكانیشـــیانەوەیە. پیـــاوان زۆربـــەیان خەنجەرێكی كەوانەییو كیسەیەكی چەرمی تایبەت بە پـــارە یـــان تـــوتن و ســـەبیلەكانیان، بەلایـــەكی پشتێنەكانیانەوە دەكـەن. ئـەو سـەبیلانە كـە سـەرێكی گڵی سووری پێوەیە، زۆربـەی كـات لـەژێر لـێویاندایەو مژی لـێدەدەن.

ژنـانیش كـە جلوبەرگـەكانیان لـە دڵڕفێنیـدا لـەهی پیـاوان كەمترنییـە، بەشـێوەیەكی تایبـەتی هــەموو چیانشــینان بــە نازوعیشــوەوە هــەنگاو دەنــێن و لەكاتێكــدا ئەندامــەكانی لەشــیان ڕێــك وڕاســت ڕاگرتـووە، گـۆزەی ئـاو دەخەنـە سـەر سـەریان وهـەڵی دەگرن ، سەرپۆشەكانیشیان ڕەنگیئاویە.

ژیـانی گوندنشـینانی كـورد، ژیـانێكی سـەختە. ئەوان كە بە كاری كشتوكاڵیەوە خـەریكن، پێویستە هەمیشــە لــە گــەڵ زەوییــەكی ســەختی بــەردداوی ووشـكدا ڕەنـج بـدەن. دەبێـت لـە ڕێـڕەوی ڕووبـارە كەمئـــاوەكاندا كـــە لەناوەراســـتی كێوەكانـــەوە دێتـەخوارەوە، بەربەست هەڵبـەسـتـن و لەهـەر تنۆكـە ئاوێـك بـۆ ئـاودێری سـپیدارو درەختیمیـوە و كێڵـگە كشـتوكاڵییەكانی بـرنج وتـوتن كـە بەرهـەمی زۆرینـەی ئـەو ناوچـەیەیە" بەلایـەنی زۆرەوە كـەڵك وەربگـرن. جوتیــاران بــەنیروئامورەوە ناچــارن لــە پــەراوێزی دۆڵەكانـەوە پارچـە زەوی شـێدار بـۆ كشـتوكاڵی دێمـی بكێڵن ولە زەویـە ناهـەموارەكانی قـەراغی ڕووبارەكان، لەخاكێكدا كەبـەهۆی بارانی زستانەوە كـەمێك شـێی هەیە ، تۆوی گەنم و جۆو توتنی لێبچێنن.

ژیــانی ئــەوانیتریش لــە بــارودۆخی جوتیــاران ســەختترە. مەبەسـتم لـە كۆچنشـینانی ڕەوكـەرە كـە ڕەشماڵـە ڕەشـەكانیان لەگـەڵ خۆیـان هەڵـدەگرن و لـە هاویندا لەگەڵ مێگەلەكانیاندا بەشوێن لەوەڕگاو وئەو سەرچاوانەدا دەگـەڕێن كـە بـە هـۆی توانـەوەی بـەفری كوێسـتانەكانەوە دروسـت بـووە و بـەهاتنی پـایز لـە ترسـی بـەفروبۆران دووبـارە پـەنا بـۆ قـولایی دۆڵـەكان دەبەنەوە.

ئێسـتا بـەزۆری ئـەم كۆچـەرانە نیشـتەجێ بـوون وئـەوەی نوسـیومە بەنـدە بـە بینینـەكانیمـن لـە ساڵی 1945 دا)).

كوردەكــان لــە بنەڕەتــدا ئیــرانین و زیــاتر لــە دووهەزار ساڵە لەسـەر خـاكی ئێستایان نیشتەجیـێن. ئەگەرچـــی ئـــەو ئاماژانـــەی لەبـــەردە نوســـراوە خەتەبزماریە دێرینەكاندا بۆ كوردەكان كراوە" جێی باسـكردنە. بـەلام پێدەچـێت جـێی گومـان نـەبێت كوردەكــان هــەمان ( كــاردۆخی) بــن كــە ســەردارو

www.pertwk.com



مێژوونوسی یۆنانی ( گزنه‌فون) شیكردنه‌وه‌یه‌كی ته‌واوی له‌سه‌ریان هه‌یه له هێرشه مه‌رگباره‌كانیان له‌به‌رامبه‌رسوپای ده هه‌زار كه‌سی یۆنانیه‌كاندا له‌سه‌ر ڕێی تێپه‌ڕینیان به‌ره‌و ده‌ریای ڕه‌ش.

ڕۆمیه‌كانیش له به‌رامبه‌ر كێشه‌وشه‌ڕله‌م ناوچه‌یه‌دا كه ئه‌و كاته به(( كوردۆئه‌ن )) ناوده‌بران، پارێزراو نه‌بوون. له‌سه‌ده‌ی حه‌وته‌می زاینیدا، دانیشتوانی ئه‌م ناوچه‌یه بوون به موسڵمان.

له هه‌موو ئه‌و ماوانه‌دا ، به‌درێژایی مێژووی ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه، ته‌نها یه‌ك كورد به‌ناوی ( صه‌لاحه‌دین) سه‌ركه‌وتوو بوو ده‌سه‌ڵاتێك پێكبهێنێت و ئه‌مه هه‌مان ئه‌و كه‌سه‌یه كه كورده‌كانی ئه‌مڕۆ به‌شكۆوشانازییه‌كی ته‌واوه‌وه به ڕزگاركه‌ری ئیسلام ناوی ده‌به‌ن. هه‌رئه‌و بوو جه‌نگاوه‌رانی‌خاچی له به‌یتول موقه‌ده‌س و به‌شێوه‌یه‌كی گشتی له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا" وه‌ده‌رنا. له كتێبه مێژووییه عه‌ره‌بی و فه‌ره‌نسییه‌كاندا، به چه‌ندین داستان باس له ئازایه‌تی وسه‌خاوه‌تی كراوه كه هه‌مان ئه‌و سیفه‌تانه‌ن كه ئێستاش له خه‌سڵه‌ته گشتییه‌كانی هه‌ندێك له ڕێبه‌رانی كورده.

له‌سه‌ده‌ی سێزده‌هه‌مدا، ئه‌م نیشتمانه بوو به مه‌یدانی زۆرانبازیی ئیمپراتۆریه‌ته‌كانی ئێران و توركیا كه ڕكه‌به‌رو دوژمنی یه‌كتر بوون. تائه‌وكاته‌ی سه‌رئه‌نجام له سالی ( 1639)ی زاینی، سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان مورادی چواره‌م) و





(شای‌سه‌فه‌وی) پادشای ئێران" كوردستانیان له نێوان خۆیاندا دابه‌شكرد و سنوریشیان تاڕاده‌یه‌ك به هه‌مان شێوه‌ی كه ئه‌مڕۆ هه‌یه" دیاریكرد [*] .

تاهه‌مان سه‌ده‌ی ڕابردوو، ناسیۆنالیزم به چه‌مكی ئه‌مڕۆی نه‌بوو و كورده‌كانیش خۆیان به میلله‌تێكی جیاواز نه‌ده‌زانی. به‌ڵام له ده‌یه‌ی (1830) دا كاتێك كه یه‌كێك له ڕێبه‌رانی به‌شێكی كورد به‌ناوی (به‌درخان) توركه‌كانی له‌ناوچه كوردنشینه‌كان كرده ده‌ره‌وه وخۆی ( ئه‌گه‌رچی بۆ ماوه‌یه‌كی كه‌م) حكومه‌تێكی دروستكرد. ناسیۆنالیزمی كوردیش له‌دایك بوو و به‌درێژایی جه‌نگی یه‌كه‌می جیهانیش (سه‌ید ته‌ها شه‌مدینان) كه ڕێبه‌رێكی ئاینی بوو ، درێژه‌ی به‌ڕێگای به‌درخان دا. به‌ڵام ڕابوونی كورده‌كان له زادگای ناسیۆنالیزمی كورد واتا توركیا، به‌دڕنده‌ترین شێوه سه‌ركوتكرا. چونكه ڕێبازی( پان توركیزم ) كه ( مسته‌فا كه‌مال) بنیادی نابوو، چیدی شوێنێكی بۆده‌ركه‌وتنی بوونی میلله‌ته‌كانی‌تر نه‌هێشتبۆوه.

له‌ئێراندا، هۆزه‌كانی كورد له كه‌ناری پادشایانی قاجار تاڕاده‌یه‌ك درێژه‌یان به ژیانی خۆیان ده‌دا. تاسه‌رده‌می جه‌نگی جیهانی یه‌كه‌م، واتا ئه‌و كاته‌ی

---

[*] له‌ڕاستیدا ،ئه‌مه دووه‌م دابه‌شكردنی كوردستان بوو له‌نێوان عوسمانی‌وسه‌فه‌وی،جونكه یه‌كه‌م جار كه‌كوردستانیان دابه‌شكرد له‌سالی(1514ز)دا بوو. (و.ك)

www.pertwk.com



بەشی باکوری ڕۆژئاوای ئێران بوو بەمەیدانی شەڕی جەنگی تورکیا و روسیا. کوردەکان لە هەندێك ناوچەدا بەهۆی وێرانکردن و کاولکردنی هێرشیخراپی سوپاکەی رووسیاوە، زیانمەند بوون.

تا سەرئەنجام ئێران بوو بەخاوەنی ڕێبەرێکی‌نوێ بەناوی (رەزاشا) کە دەیویست وڵات بە یەك سیستەمی‌یەکگرتوو بەڕێوەبەرێت وکۆتایی بەحکومەتە ناوچەییەکانی هۆز وسەرۆك هۆزەکان بهێنێت. خودی ( سمکۆ ) کە ڕێبەرایەتی‌نەتەوەی کوردی لە ئەستۆگرتبوو، لەڕیزی ئەو لیستەدا بوو ڕەزاشا پشتی بە لەناوبردنیان بەستبوو. لە ساڵی ( 1922 )دا سوپای ئێران هێرشیکردە سەر بارەگاکەیی‌وناچاری کرد لە وڵات ڕابکات. سمکۆ لەئێران ڕایکردو گیانی دەرباز کرد، بەڵام لە ساڵی (1930)دا بەبڕیارێکی ساویلکانەو بەقبوڵکردنی دەعوەتێك هاتە ناوخاکی‌ئێرانەوە وگەڕانەوەی بۆ ئێران و کوژرانی یەك بوو. زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی‌تری کوردەکانیش چارەنوسی هاوشێوەی (سمکۆ) یان هەبوو. هەندێك لە ڕێبەرانی کورد لە وڵات ڕایانکرد، هەندێکی‌تریش بە فەرمانی ( ڕەزاشا) کوژران و ژمارەیەکی‌تری بەختداریش حوکمدران بە نیشتەجێبوونی ناچاری لە تاران.

لە ساڵی ( 1925) دا تەواوی کوردستان کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی‌حکومەتی ناوەندییەوەو دەوڵەت لەگەڵ بڵاوەپێکردنی گروپەچەکدارەکانی





هۆزەکاندا، خێڵە کۆچەرە ماڵبەکۆڵەکانیشی‌ناچارکرد لەشوێنێکدا نیشتەجێ بن.

بەڵام تارادەیەك لەعێراقدا بارودۆخی ( 650 ) هەزار کوردی ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتە، جیاوازی هەبوو لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا. لە ساڵی ( 1932 ) دا کاتێك عێراق وەکو وڵاتیکی سەربەخۆ بەڕەسمی ناسرا و بووبە ئەندامی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، لەناوەرۆکی ڕاگەیاندنی ووتارێکدا بۆ شورای کۆمەڵەکە" بەڵێنی‌دا زمانی کوردی وەکو زمانی بەربڵاو لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەڕەسمی بناسێت و فەرمانبەرانی کورد یان کوردزمان بۆ خزمەتکردن بۆ ئەم ناوچە دابنێت. ئەگەرچی عێراقیەکان بەڵێنی‌خۆیان جێبەجێ کرد، بەڵام دووبارە کوردەکان رازی نەبوون. ئەوان ڕایاندەگەیاند ( هەرچەندە تا ڕادەیەکیش ماڤ خۆیان بوو) دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە کوردەکان جیاوازی دەکات، بە تایبەتی لە بواری وەکو دروستکردنی خوێندنگا، چاککردنی ڕێگاوبان و کارە تەندروستییەکان وداودەرمان و ئەو کۆمەکانەی پێویستن بۆ کشتوکاڵ کە ماڤ کوردەکانن" بۆیان ئەنجام نادرێت. کوردەکان بەتایبەتی لە بواری بەرهەمە زۆرە کشتوکاڵەکییەکانیان واتا (توتن) ناڕازیی بوون و هەروەها ناچاربوون ئەم بەرهەمە تەنها بە دەوڵەت بفرۆشن و قازانجی سەرەکی ئەم بەرهەمە، بچێتە گیرفانی بەرهەمهێنەرانی‌جگەرە لەبەغداد و

www.pertwk.com



شارەکانی‌تر، ئەم ناڕەزاییانە وردە وردە بەشێوەی ڕاپەرین و شۆڕشی بەربڵاو سەریهەڵدا.

یەکەمین ڕێبەری کورد کە شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد، (شێخ مەحمود ) بوو کە یەکێك  بوو لە ڕێبەرانی ئاینی‌و خەڵکی سلێمانی بوو، سلێمانی دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عیێراقەوە و ناوچەیەکی بەپیت وشوێنی‌چاندنی توتنە. شێخ مەحمود تەنانەت دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان ئەویان وەکو فەرمانداری ناوچەکە دانا، دووبارە ڕازی نەبوو و وردە وردە خۆی وەکو ڕێبەری کوردستان ناساند.

لە سالّی ( 1932 ) ئینگلیزەکان ئەویان



لەحکومەت بەرکەنارکردو ئەویش پەنای بۆئێران برد. بەلّام دواتر بەرلێبوردن کەوت ومۆڵەتی وەرگرت بۆعێراق بگەڕێتەوە. بەومەرجەی لە کێڵگەکەیدا نیشتەجێ بێت وبەئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی“ خۆی بەتەواوی لە سیاسەت دووربخاتەوە. شێخێش پەسەندی کردو تاکۆتایی تەمەنی وەفاداربوو بۆئەم بەڵێنە.

بەو شێوەیەی کوردەکانی پێناسراوە، کوردەکانی نیشتەجێی ناوچە کوێستانییەکانی باکوری ڕۆژئاوای عێراق چاوەڕێ بوون تا شێخ مەحمود بەتەواوی  سەرکوتکرا، ئەو کاتە دەستەیەکی‌تر شۆڕشیان بەرپا کرد. ڕێبەری ئەم شۆڕشە شێخ ئەحمەدی سەرۆکی هۆزی بچوکی بارزان بوو. ناوبراو ڕێبەرێکی ئاینی بوو کە ئەندامانی هۆزەکەی



باوەڕێکی خورافیاتی سەرەتاییانەیان پێهەبوو و گوێ بەفەرمانی بوون.

هێزەکانی ئینگلیز کە بەپێی مۆڵەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە عێراقدا نیشتەجێ ببوون . بارزانیەکانیان سەرکوتکردو سەرئەنجام ڕێبەری بەنسیبی برا لاوترو بەهێزترەکەی شێخ ئەحمەد واتا ((مەلا مستەفا)) بوو. هەردوو برا لەگەڵ پەیڕەوە وەفادارەکانیان، بۆ باشوری عیراق دوورخرانەوە و سەرئەنجام لە سالّی (1936)دا، مۆڵەتی گەڕانەوەیان بۆکوردستان پێدرا بەو مەرجەی کە بەتایبەتی هەرلە سلێمانی دابنیشن .

********************



ڕۆژی (25) ی ئابی سالّی (1941) ، لەگەڵ هێرشی هێزەکانی رووس و ئینگلیز بۆئێران، ڕووسەکان لە باکوری ڕۆژئاوای ئەم وولاتە نیشتەجێ بوون و تەنها شارەکانی دەوروبەری دەریاچەی ڕەزائیەیان خستە ژێر کۆنترۆڵی‌خۆیانەوە. دەسەلاتی ئینگلیزەکانیش لە سنە زیاتر نەڕۆیشت. بەمشێوەیە لە نێوان دوو ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی ڕووس وئینگلیزدا، خاکێکی ئازاد مابۆوە لە دەوروبەری کێوە هاوبەشەکانی نێوان عێراق وئێران کە ببوو بەقەڵەمڕەوی تاکە دەسەلات ودەسەلاتداری کوردەکان. ئەگەرچی پۆلیسی ئێرانی تا ئەو کاتەش لە شارو گوندەکانی ئەم ناوچەیەدا بوون، بەلّام کوردەکان بە سود وەرگرتن لە پێگەی خۆیان، دەسەلات و نفوزی خۆیان زیاد کرد و وردە وردە

www.pertwk.com



حكومەتێكی سەربەخۆیان پێكهێنا لەدەوروبەری تاكە شاری تا ئەندازەیەك فراوانی ناوچەكە (واتا مەهاباد).

مەهاباد لەبنەرەت دا بە( سوجبڵاخ )ناودەبرێت، ئاشكرایە هەمان زاراوەی توركی (سیوخ بالاق)ە كە بە مانای ( سەرچاوەی سارد ) دێت. (( تەواو بە هەمان مانای ( cold spring ) ئەو شوێنەی ڕۆژانی مندالٌیم تیادا بەسەر بردووە – ئارچی)).

ڕەزا شا ناوی شارەكەی بۆ مەهاباد گۆڕی، مەهاباد واتا شاری ( مادە ) كان. وامەزەنەدەكرێت بەپێی (ماد) بوونی نەژادی كورد، ئەم ناوەی بەو شارە دابێ. دانیشتوانی مەهابادنزیكەی تەواویان كوردنەژاد بوون، لە كاتێكدا كە دانیشتوانی‌تری شارەكانی دەوروبەری دەریاچەی ڕەزائیە، توركی‌ئازەربایجانی بوون. مەهاباد خۆی دانیشتوانی كۆمەڵێكن كە وازیان لەژیانی كۆچەریی هێناوەو ڕوویان كردۆتە ژیانی شارنشینی‌و كەسایەتی ناوداری ئەم دانیشتوانە ( قازی محەمەد ) بوو، كەلە بنەماڵەیەكی ڕوحانی بوو. قازی سەرەتای خوێندنی تایبەت بوو بە ئاین، بەڵام لە باوكییەوە كە ئەوی بۆ دادوەری شەرعی پەروەردە كردبوو، كتێبخانەیەكی بەمیرات بۆ مابۆوە كە كتێبی بە حەوت جۆرە زمان تێدابوو. قازی خۆی بە سودوەرگرتن لەم كتێبخانەیە، دەستی بەخوێندنەوە كرد و زانیاریەكانی خۆی لەبوارەكانی‌تردا فراوان كردو بەو هۆیەوە لە یەكەمین سالأنی چوارەمین دەیەی ژیانی،





سەرەڕای پلەوپایەی دادوەری شەرعی، بە بەرەكەتی بیروڕا پوختەكانی و كەسایەتیە بەهێزەكەی" لە شارەكەدا پێگەیەكی بالأی هەبوو.

لە كۆتایی سالٌی( 1941)دا، یەكێتی سۆڤیەت بەبانگهێشتكردنی كۆمەڵێكی (30) كەسی لەكوردەكان بۆ باكۆ، پەیوەندییەكانی خۆیان لەگەڵ مەسەلەی كوردەكان ئاشكرا كرد. نزیكەی تەواوی نوێنەرەكان، سەرۆك هۆزەكان بوون و قازی محەمەدیش بە نوێنەرایەتی شاری مەهاباد لەناو ئەو كۆمەڵە (30) كەسییەدا بوو.

كۆمەڵە بانگهیشتكراوەكە، دوای سەردانی كارخانەو كێڵگەكان، گەیشتنە حزوری ( جەعفەر باقرۆف)ی سەرۆك وەزیرانی كۆماری سۆشیالستی ئازەربایجان و باقرۆفیش لە درێژەی ووتارێكدا ئەگەرچی باسی دۆستایەتی یەكێتی سۆڤیەتی كرد لەگەڵ میللەتە بچوكەكان وبرایەتی كوردەكان وئازەربایجانەكان، بەلأم دەربارەی گۆڕانكارییە سیاسییەكانی ناوچەكە، بە ئاماژەیەكی نادیار كۆتایی پیٚهێنا. دوای گەڕانەوەی ئەم لیژنەیە، سۆڤیەتییەكان بۆ دیداری بەرامبەر نەچوون بۆ كوردستان.

ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت كە بیریان زیاتر لەلای هێرشبەرانی ئەلـمانی بوو كە گەیشتبوونە دەروازەی قەفقاز.

www.pertwk.com



ڕەنگە هەمان دیداریش ئەوەی لە کوردەکاندا خولقاندبێ کە بۆ چالاکی ناسیۆنالیستی زیاتر.

لە ئەیلولی ( 1942 )دا، ژمارەیەك لە هاولاتیانی مەهابادی پەیوەندیان بە سەرهەنگیکەوە کرد لە سوپای عێراقدا بەناوی میرحاج. میرحاج نوێنەری ڕێکخراوێکی سۆشیالیستی کوردی بووبەناوی ( هیوا ) کە تازە لەعێراق دامەزرا بوو. دوای ئەم دیدارە، کوردەکانی دانیشتووی ئێرانیش بریارپیان دا حیزبێکی ناسیۆنالیستی بۆخۆیان دابمەزرینن و سەرئەنجام (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) پێکهێنرا. وردە وردە ژمارەی ئەندامەکان و نفوزی لە ناوکوردەکانی ئەوناوچەیەدا، زیادی کردو لە مانگی ئایاری ساڵی ( 1943)دا گروپێکی ناسیۆنالیستیی کورد، توانی پاسگای پۆلیسی مەهاباد، واتا دواپایەگای دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی ئێران لەوشوێنەدا دەربپەڕێنن.

لە کۆتایی ساڵی (1944)دا، قازی محەمەد کۆنترۆڵی کۆمەڵەی گرتەدەست بەیارمەتی براکەی کە لەخۆی لاوتربوو. ئەبولقاسم سەدری قازی کە لە مەجلیسی ئێراندا پلەی نوێنەرایەتی هەبوو وئامۆزاکەی" محەمەد حسێن سەیفیقازی کە پێشتر ئەفسەری ژەندرمە بوو.

سەرهەڵدانیناسیۆنالیزمیکورد لە ئێران، لە عێراقیش بێکاردانەوە نەمایەوە. لە ساڵی (1943)دا مەلا مستەفا لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنگرەکانی لە





شوێنی دانیشتنی زۆرەملێی خۆی لە سلێمانی، ڕایکردوگەیشتە (بارزان) ی نیشتمانیخۆی.

ماوەیەکی کورت دوای گەیشتنی، دەستیکرد بە شەڕەکانی لەگەڵ فەرماندەناوچەییەکان. لە مانگیتشرینییەکەمدا، هێزەکانی مەلامستەفا کە ئەو کاتەلە دووسەد کەس تێنەدەپەڕی، لە شەرێکدا سەرکەوت بەسەر پۆلیسەکانی ناوچەکەدا. یەك مانگ دواتر، کاتێك ژمارەی لایەنگرانی زیاد کردبوو، مەلا مستەفا لیوایەکیسوپای تێکشکاند.

لەم قۆناغەدا، سەفیری بەریتانیا ( کینهان کۆرن ڤالیس )یش دەستی لە بارودۆخەکە وەردا، ناوبراو لە سەرەتای دەورەی سەرپەرشتی بەریتانیا بەسەر عێراقدا، واتا لە دەیەی (1920)، نزیکترین ڕاوێژکاری مەلیك فەیسەڵ بوو. لەکاروباری سیاسی عێراقدا بە خاوەن بیروباوەڕێکی بەئەزمون دەژمێردراو دواتر ڕۆڵێکی گرنگی گێرا لە گفتوگۆ لەگەڵ شێخ مەحمود لە سلێمانی و لەکاتی ئەم گفتوگۆیانەدا ولەگەڵ ئەوئەزمونە باوەڕپێکراوەی کە بەدەستیهێنا بوو، بەئاشکرا پەیوەندی پەیاکردبوو سەبارەت بە مەسەلەی کوردەکان و لەبەرامبەر ئەواندا" هەستی بەجۆرە هاوخەمییەك دەکرد. لە یەکەمین قۆناغدا لەوباوەڕەدا بوو ناتەواوی سەرانی عێراق بۆتە هۆی سەرهەڵدانی مەسەلەیەك بەناوی شۆڕشی مەلا مستەفا و پێویستە کوردەکان لە دەوڵەتی عێراقدا بەشداریان پێبکرێت.

www.pertwk.com



له كۆتايی ساڵی ( 1943)دا، سه‌رۆك وه‌زيری عێراق ، نوری سه‌عيد كه‌سێكی كوردی به‌وه‌زير هه‌ڵبژارد له‌كابينه‌كه‌ی خۆيدا، به‌بێ ئه‌وه‌ی وه‌زاره‌تێكی پێبسپێرێت. هه‌مان وه‌زيری كورد بوو ڕێگای خۆشكرد كه مه‌لامسته‌فا له شوباتی ساڵی (1944)دا سه‌ردانی به‌غداد بكات . به‌ڵام نه سه‌ردانی به‌غداد به‌رهه‌مێكی هه‌بوو، نه‌سه‌فه‌ره‌كه‌ی نوری سه‌عيد له مانگی ئاياری هه‌مان ساڵدا بۆ كوردستان سودێكی هه‌بوو. مه‌سه‌له‌ی لێبوردنی شۆڕشگێڕان، به تايبه‌تی ئه‌و كاربه‌ده‌سته سه‌ربازی و ناسه‌ربازيانه‌ی په‌يوه‌نديان به هێزه‌كانی مه‌لا مسته‌فاوه كردبوو، به‌بن به‌ست گه‌يشت و نوری سه‌عيديش كه‌له‌دۆزينه‌وه‌ی ڕێگاچاره‌يه‌ك بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌يه نائوميد ببوو" به‌شێوه‌يه‌كی‌كاتی ده‌ستی له‌كاركێشايه‌وه. دوای ئه‌م مه‌سه‌له‌يه، خولێكی ئاگربه‌ستی له‌رزۆك له‌نێوان كورده‌كان وعێراقدا به‌رقه‌راركرا و له‌هه‌مان سه‌رده‌مدا بوو كه من چوم بۆ به‌غداد" واتا ته‌موزی ساڵی (1944).

له به‌غداد هه‌وڵمدا زانياری ده‌رباره‌ی كورده‌كان به‌ده‌ستبهێنم و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته په‌يوه‌نديم كرد به ناوه‌ندی دژه‌هه‌واڵگری عێراق وخۆشم به شه‌خسی له‌ڕێی په‌يوه‌ندی تايبه‌تيه‌وه، كه‌وتمه لێكۆڵينه‌وه.

په‌يوه‌ندييه تايبه‌تييه‌كانی من له گه‌ڵ چه‌ند كوردێكی دانيشتووی به‌غداديشدا بوو، يه‌كێك له‌و كوردانه، بابا عه‌لی كوڕی شێخ مه‌حمود بوو،





پياوێكی قۆزو قسه‌خۆش و كۆمه‌ڵايه‌تی بوو، يه‌كێكی‌تريان ( پوشو ) بوو كه ناوه ئه‌سڵييه‌كه‌ی محه‌مه‌د سادق وكوڕی سه‌يد ته‌ها بوو، سه‌يد ته‌ها له كاتی له دايكبوونی پوشو، له‌لايه‌نگره تۆخه‌كانی جه‌نه‌ڕاڵ ( فردينان فۆش ) بووه و سه‌يدته‌ها به‌هۆی خۆشه‌ويستی بۆ ئه‌و جه‌نه‌راڵه، ناوی ئه‌وی له كوڕه‌كه‌ی نابوو. له شێوه زمانی‌كورديدا بۆ پوش و دواتر بۆ پوشو گۆڕابوو!!.

پوشو كه‌سايه‌تييه‌كی شادوناسراو بوو، من نزيكه‌ی هه‌موو ڕۆژێك ئه‌وم له ميوانخانه‌ی ( ڕيجنت )ی به‌غداد ده‌بينی. هه‌ميشه كلاوێكی خوری وكراسێكی سپی و شه‌ڕواڵێكی فراوانی له‌به‌رده‌كردو پشتێنێكی له پشت ده‌به‌ست. كلاويكی خوريش كه ده‌وره‌كه‌ی له شێوه‌ی جامانه‌دا پێچرا بوو، ده‌يخسته سه‌ر سه‌ری. ئه‌و نه‌فره‌ت و تێبينی خۆی سه‌باره‌ت به عه‌ره‌ب نه‌ده‌شارده‌وه. هه‌م له‌گه‌ڵ مه‌لا مسته‌فاو هه‌م له‌گه‌ڵ ناسيۆناليسته‌كانی نيشته‌جێی ئێران له په‌يوه‌نديدا بوو. خزم و كه‌سوكاريشی له ئێران ده‌ژيان .

سێيه‌مين كه‌سی هاوڕێی من، جێگری سه‌رۆكی پێشووی ئه‌ركانی سوپا، جه‌نه‌راڵ ( به‌هادين نوری ) بوو كه دوو هه‌فته دوای هاتنم په‌يوه‌نديم له‌گه‌ڵدا كردبوو. مرۆڤێكی به سام بوو، ورگێكی گه‌وره‌و سمێڵێكی پڕی هه‌بوو. له‌م دواييه‌دا له فه‌رمانداريی سلێمانی به‌ركه‌ناركرابوو. (دكتۆر هۆف) منی بۆ

www.pertwk.com



سەردانی جەنەڕاڵ نوری بردو هەرخۆشی بەمەبەستی بزواندنی نوری، گفتوگۆی بەوباسە دەستپێکرد کە زمانی کوردی هیچ نیە جگە لە تێکەڵاوکردنێکی زاراوە جۆراوجۆرەکانی‌تر. نوری لێوی بە نارەزایی کردەوە کە (نەخیر ، بەهیچ شێوەیەك شتی وانیە. زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە ). ئەو وێنەی مندالآنی جلوبەرگ دڕاو و هەژاری سلێمانی پێ پیشان داین. وێنەیەك کە پەیوەندیدار بوو بە پێش و دوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەو جلوبەرگی دابوو بە مندالآن. ئەو ووتی ژنێکم بینیوە هیچ شتێکی بۆ لەبەرکردن نەبووە و هەر کاتێك بیویستایە لە چادرەکەی بێتە، دەرەوە بەرماڵێکی بەخۆیەوە دەپێچا. هەروەها بۆی شیکردینەوە کە چۆن لەڕێی هاندانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ تایبەت کردنی بودجەیەك بە مەبەستی چاککردنی بارودۆخی گوندە دوورەدەست و هەژارەکانی پارێزگاکە" ماندوو بووەو ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە.

یەك ساڵ دواتر، لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1945)دا بەشەخسی ئەفسەری پەیوەندیەکانی ناوچەکەم لە سلێمانی بینی وخۆم لەنیزیکەوە بارودۆخەکانم بینی. ئەفسەری پەیوەندییەکانی‌ناوچەکە" ( جیمز شوتەر) یەکێك بوولە پەسەندترین ئەفسەری لاوی سیاسی‌و کوردەکان خۆشیان دەویست.





ناوبراولە کەرکوك پەیوەندی کرد بە منەوەو بڕیار بوو ماوەی سێ‌کاتژمێری نێوان کەرکوك بۆ سلێمانی، پێکەوە بە ئوتومبێل بڕۆین .

ئێمە لەڕێگەی دەربەندێکەوە چووینە کوێستانەکانی کوردستان، دواترلەڕێگەی (دەربەندی بازیان)ەوە کە دۆڵێکی قوڵی نێوان دوو کێوی بەرز بوو، تێپەڕین و شوتەر ئەو سەنگەرانەی پێ‌نیشاندام کە ( شێخ مەحمود ) لە ساڵی (1919)دا، بۆ بەرگرتن لە هێرشی ئینگلیزەکان دروستی کردبوو، (بێگومان بە مەبەستی‌خۆی نەگەیشتبوو). دواتر بەناو کێڵگە سەوزەکانی توتندا تێپەڕین. بەرهەمەکانیان تازە لێکردبۆوە و گەڵا پانەکانی توتنیان لە دەرەوەی ماڵە گوندنشینەکان هەڵخستبوو تا هەوای بەربکەوێت و ووشك ببێت. کاتێك گەیشتینە سلێمانی، لە ماڵی شوتەر چەند ڕیشسپیەکی کورد هاتن بۆ لامان و قسەی سیاسی زۆریان دەربارەی ناوچەکە بۆ باسکردین. بەرلەهەموو شتێ واتەواتیان لەمەسەلەی بەهادینەوە دەستیان پێ‌کرد. ئەوان ئەو داواکاریانەیان دووپاتکردەوە کە بەهادین لە بەغداد بە منی وتبوو و وتیان: ئەو فەرمانداریکی شیاو بوو و بە پلانی بەغداد ئەویان بەرکەنار کرد. شوتەرو میوانەکانی، دەسەڵاتدارانی‌تری‌ناوچەکەیان بەگونجاو نەدەزانی و لەوباوەڕەدابوون ڕەفتاری ئەم کاربەدەستانە بۆتەهۆی ڕابوون و هەڵاتنی مەلامەستەفا لە ساڵی (1943)دا.

www.pertwk.com



له سەردانی شارو بازاڕەکانی سلێمانیدا، کەوتمە ژێر کاریگەری ئاشکرای جوانیی کوردەکانەوە. زۆربەیان ڕیشیان هەبوو ئەو شتەی کە ئێستا ئیدی تاڕادەیەك بەتەواوەتی لەبەغداددا نەماوە.

تا ئەندازەیەك بە باشی جلوبەرگیان دەپۆشی. بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێك منیخستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، خوێندنگایەکی بچوك بوو لەناو بازاڕدا کە تیایدا ڕیشسپیەکی دنیادیدە خوێندنەوەی (بۆستان)ی بەرهەمی شاعیری فارسی زمان (سەعدی)، فێری منداڵانی تەمەن (9) ساڵە دەکرد. دواتر زانیم زمانی ڕۆشنبیری کوردەکانی عێراق و هەروەها کوردەکانی ئێرانیش فارسییە. ڕەنگە هەمان نمونەش بەڵگەیەك بێ لەسەر ڕاستی ئەوپێشبینیەی کە – ئەدەبیات – و تەنانەت زمانی فارسیش سەردەمێك زمانی لاتینی* موسڵمانانی رۆژهەڵات بووە و قەڵەمڕەوەکەی لە ئەستەنبوڵەوە تا بنگال بووە.

له ڕێگادا تووشی ژمارەیەك لە ئەندامانی هۆزی (زاب) بووین، هەموویان بەشێوەیەکی بەشکۆ سواری ئەسپ ببوون و سەردەستەی ئەسپ سواران شاڵێکی سەوزی بەدەوری سەریەوە پێچابوو" ئەم سەفەرکەرانە حاجیانی مەکە بوون.

* پێش ڕێنیسانس، بەشی هەرەزۆری ئەوروپا زمانی ئەدەبی و نوسراویان" بەلاتینی بوو. پاشان وردە وردە زمانی ناوچەونیشتیمانەکان" لەدایک بوون.. (و.ک)



رۆژی دواتر، پاش تێپەڕبوون بەناو شاری سلێمانیدا و لەسەر سەرەڕێی گەڕانەوەمان بۆ کەرکوك، لەکێڵگەی هاوڕێی ڕۆژانی نیشتەجێ بوونم لە بەغداد –بابا عەلی کوڕی شێخ مەحمود– ڕاوەستاین.

لەوێ نانمان لەناو دەربەندێکی دڵڕفێندا خوارد کە توتن و گەنمی لێ چێنرا بوو و کێوەکەش بە درەختی میوەدار داپۆشرابوو. دوای نانخواردن، هەموو کوردەکان، لە ناویاندا خزمەتکارەکانیش، نمایشی نیشانەشکاندنیان بۆ کردین و لە مەودایەکی دووردا نیشانەیان دەپێکا و بتڵیان لەو سەری دەربەندەکەدا دادەنا. بێگومان بیروڕای سیاسیش ئاڵوگۆڕکراو عەلی بابا و دۆستەکانی دەیان وت" تەنها چاوەنواڕیان لە دەوڵەت ئەوەیە لە بەرامبەر کوردەکان" جیاوازی نەکات .

باباعەلی دەیوت: ( ئێمە هەرگیز ناتوانین بەبێ پشتیوانی هێزێکی گەورە، کار بەرەو پێش بەرین ). سروشتیش بوو من و شوتەر نیگەران بین لەوەی کە ئێستا ئەم پشتیوانە لە دەرکەوتندایە، چونکە لەسەر ڕێگاماندا کوردەکانمان بینی و کاتێك پرسیارمان لە بیروڕایان کرد دەربارەی ڕووسەکان، وتیان: کوردەکان کۆمەك لە هەرکەسێکەوە بێت" وەری دەگرن.

هەوڵەکانی من بۆ نزیکبوونەوە لە ناوچەی شەڕلە سنوری باکوری رۆژئاوا، بێ ئەنجام مایەوە. بەڵام لە

www.pertwk.com



ماوەی سەفەرێكیتردا، توانیم بەتەواوی ئەم ناوچەیە ببینم كە ناوەندەكەی (رەواندز ) بوو. ئەم سەفەرەم لە ( هەولێر)ەوە دەستی پێكرد. هەولێر شارێكی گەورەیەو بەگوندی كوردنشین دەورەدراوە و هەمان ئەو شوێنەیە كە ئەسكەندەر لە نەبەردی (ئەربیلا )دا، داریوشی پادشای ئێرانی شكاندبوو.

فەرمانداری كوردی ئەم شارە كە ( سەعید قەزاز ) بوو، منی خستە ژێر كاریگەری خۆیەوەو بەبێ پەردەو بەراشكاوییەوە هەستەكانی خۆی دەردەبڕی. بۆ نمونە جارێك وتی:

( پەندێكی پێشینانی كوردی هەیە دەڵێت: دوو شت كە ئێمە لە هەموو شتێكیتر زیاتر لێی بێزارین، ئەوەیە كە: "نەشیری حوشتر و نە دیداری عەرەب! ".)

لە كاتێكدا لە هەولێرەوە بەناو زنجیرە شاخەكاندا تێدەپەڕین، گەیشتینە تەپۆلكەی ڕوتەن و دۆڵی سەوز و پڕلە گوڵی سورو زەرد. دواتر گەیشتینە كێوە بەرزو سەختەكان كە بە بەفر داپۆشرابوو. كێڵگەو باغ و لەوەڕگاكان لە بەرزاییەكانی سەرووتر، پڕ بوو لە كورد.

كوردەكان ئارایشی بەشێك لە جلوبەرگەكانیان پشتێنێكی ڕەنگ ڕوون بوو، زۆربەیان گۆچانی شوانییان بەدەستەوەیە و بەگشتی تفەنگەكانیان ئامادەی تەقەكردنە بەسەر شانیانەوە، ئەو تفەنگانەی





هەندێ جار بۆ ڕاوكردنی نێچیر ی گەورەی وەكو بزنە كێوی چوست وچالاك" بەكاریدەهێنن.

لەكەناری تاڤگەیەك لەدەربەندی ڕەواندزدا، نانمان خواردو دواترلە ڕێگەی دەشتی دیاناوە (دەربەندی مەسیحییەكان)، گەیشتینە گوندێكی خنجیلانەو جوانی دیانە كە زۆربەی دانیشتوانی ئاشوری كڵاولەسەر بوون، بۆ ئەوەی شەو لەوێ بەسەربەرین.

ڕۆژی دواتر بەرەو سنوری ئێران ڕۆیشتین، لە تەنگەی بەرسرین ( بەركرین)ەوە تێپەڕین و لە ڕێگایەكی بەرزەوە كە سنوری پێكدەهێنا، دوو كوردمان بینی سواری ئەسپەكانیان ببون و بێپەروا لەولای هەڵدێرەكەوە لە سنور تێدەپەڕین و دەنگیان دەگەیشتە ئەم سەری دەربەندەكە. پاشان لە ڕێیەكیترەوە گەڕاینەوە تا سەرێك لە پوشو بدەم كە لەبەغداوە هاتبوو. نانمان لەگەڵ ئەو و چەند كەسێك لە براو خزمەكانی خوارد كە شێوەیان لە یاریزانانی تۆپیپێ دەچوو. یەكێك لەوانە ناوی (دینۆ) بوو و زۆربەی كاتەكانی لەگەڵ مەلا مستەفا لە بارزان بەسەردەبرد. یەكێكیتریان كە كەمیك لاوازتر بوو، زۆر شێوەی لە هاوڕێی سەردەمی (( كامپ ڕیچی ))ی من، واتا لە ستوان (دیك ڤاڵترز) دەچوو. زۆربەی كوردەكان بەتەواوی شێوەیان وەكوئەوروپییەكانەو هەندێكیشیان لە ئەسمەری و سپییەتی ئەسكەندەناڤییەكان دەچن .

***********************

www.pertwk.com



پەیمانی لەرزۆکی نێوان هێزەکانی مەلامستەفا ودەوڵەت، تاڕادەیەك هەر لە سەرەتای کارەوە پچڕابوو. لەم نێوانەدا مەلامستەفا هەوڵیدەدا تا بەهێنانی کچی سەرۆکی هۆزە دوژمنەکەی واتا (زێبار) کە لەگەڵ بارزانیەکاندا ناکۆکیان هەبوو، پێگەی خۆی پتەو بکات. سەرئەنجام بەئەنجامدانی ئەم کارە، بەسەرهەڵچوون و لەخۆبایبوونی ئەودا زاڵبوو. ڕەنگە ئەوزنجیرە ڕووداوانەی لەئێرانی دراوسێ ڕوویدەدا، ئەوی بۆ ئەم کارە زیاتر هاندابێ. (میرحاج)ی هاوکاریشی، لە سەرەتای کارەوە لە ڕووداوەکانی ئێراندا تووش ببوو.

هێرشی نوێی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ئێران کە هاوکات لەگەڵ کۆتایی جەنگ لە ئەوروپا دەستی پێکردبوو، وردە وردە دەبووەمایەی بەدیهێنانی نێگەرانی بۆبەریتانیەکانی دانیشتووی بەغداد.

لە کۆتایی شوباتی (1945)دا، باڵوێز ( کۆرنڤالیس) جێگاکەی خۆی بەخشی بە ( هیواستون هیۆر برد ). ( برد ) کە پێشتر لە عەرەبستانی سعودی خزمەتی کردبوو، بەهۆی پێشینەی خۆیەوە لە ڕوانینێکی عەرەبییانەوە سەیری عێراقی دەکرد. ماوەیەکی کورت دوای دەستبەکاربوونی، ڕاوێژکارانی دێرینی بواری مەسەلەی کوردەکان جێگاکانی خۆیان دا بەکەسانیتر. یەکێك لە بەرجەستەترین کاربەدەستە دێرینەکان ماژور ( سی.جی. ئەدمۆنز) بووکە ماژور( ئار. ئێچ . دیچبۆرن ) بووبە





جێنشینی، کە یەکێك بوو لە ئەفسەرە سیاسییە دێرینەکانی نیشتەجێی باشوری عێراق. ڕاوێژکارانی سیاسی بەشی باکوریش جێگاکانیان دا بەو ئەفسەرە لاوانەی نەئەزمونی پێشینەیان هەبوو و نەلەگەڵ کوردەکاندا هەستیان بە هاوخەمی دەکرد. هەروەها سەفارەت، کۆمیتەی ناوەندی هەواڵگری لە عێراقدا خستە ژێر فشارەوە تا ئەفسەرانی پەیوەندیدار بە ناوچەکەوە کە زۆر شیاو بوون" لاببات. مەلا مستەفا کە لەگەڵ (ڕنتۆن) دا لەپەیوەندیەکی بەردەوام و ڕێکدا بوو، کاتێك کە ئاگادارکردنەوەیەکی لەلایەن سەفیری نوێوە وەرگرت سەبارەت بەوەی کە (وەکو عێراقییەکی باش و سەرلەڕێ) ڕەفتار بکات، بێگومان سەڕی سوڕما.

مەلامستەفا حکومەتە سەربەخۆکەی خۆی کە لە قەڵەمڕەوی هۆزەکەیدا ڕایگەیاندبوو، عێراقییەکان لە سەرەتای ئابی (1945)دا لەبەرنامەیاندا بووکە هێرش بکەنە سەر شوێنە سەختە کوێستانییەکان. سەرۆکی لیژنەی سەربازی بەریتانیا، جەنەراڵ( رنتۆن) لەو باوەڕەدابوو سوپای عێراق هێشتا ئامادەباشی هێرشێکی لەوجۆرەی نیە. کاتێکیش هۆشدارییەکانیئەو سەبارەت بەوەی کە سوپای عێراق دووچاری هەمان چارەنووس دەبێتەوە کە ساڵی (1943) دا بەسەری هات، سوودینەبوو. ناوبراو ناوەندەکانی فەرماندەیی خۆی لە هێڵی

www.pertwk.com



پێشەوە لە(هەولێر) کێشایەوەو ڕاوێژکارەکانیشی لە سوپای ئامادەباشی شەڕی عێراق ناردە دەرەوە.

لەگەڵ هەمووئەوانەشدا، عێراقییەکان بە جێبەجێکردنی نەخشەی هێرشەکانیان، سەربەخۆیی کارەکانیان بۆئینگلیزەکان دەرخست ولە ڕۆژی (4 )ی ئەیلولدا، ستونێکیسوپا لە (ئاکرێ) و ستونێکیتر لەرەواندز و ستونێکیتر لە کەسانی ژاندارم لە(ئامێدی)یەوە هێرشیان کردو لە ڕێگایەکدا کەبە بارزان کۆتایی دێت، یەکیان گرتەوە.

بەهەمان شێوەی جەنەڕاڵ ( رنتۆن ) پێشبینی کردبوو، هەرسێ ستون لە گوزەرگای کێوەکاندا بەدەستی هێزە بچوکەکەی کورد شکستیان خوارد، هێزێك کە پێدەچێت لە هەزارو پێنج سەد کەس تێنەپەریبن. عێراقیەکانیش نزیکەی هەزارکەسیان لێکوژرا و گوێبیستی واتەواتێك دەبووی لەسەر ڕاگرتنی شەڕ لە وەرزی زستاندا.

بەهەرحاڵ، ئینگلیزەکان (وپێدەچێت مەلامستەفاش)، ئەگەرچی لاوازی سوپای عێراقیان بە دروستی خەملاندبوو، بەڵام کارایی سیاسی عێراقیان بەکەم گرتبوو. وەزیری عێراق (مصطفي العمري ) بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ هۆزەکاندا چووبۆ باکور و بەدانی بەرتیل وهاندان و هەڕەشە، توانی گرنگترین ڕێبەرانی کوردو لەناویاندا خەزورە نوێیەکەی مەلامستەفا کە سەرۆك هۆزی زێباربوو" لە دەستەی هاوپەیمانانی مەلا جیابکاتەوە. لەماوەی دوو هەفتەی





کۆتایی مانگی ئەیلولدا، سەرۆك هۆزکانیتریش پەیوەندیان بە هۆزی زێبارەوە کردو وەك هێزی هێرشبەری سوپای عێراق، مەلامستەفا و لایەنگرەکانییان دەرکرد لە ناوچە شاخاوییە سەختەکان.

ڕۆژی حەوتی ئۆکتۆبەر، هێزەکانی دەوڵەت بارزانیان داگیرکردبوو، مەلامستەفا بە هاوڕێیەتی زۆربەی لایەنگرە چالاکەکانی و ئەندامانی خێزانەکەی، لە سنور پەڕینەوەو چوونە خاکی ئێرانەوە. لە خاکی ئێراندا جەنەڕاڵێکی سۆڤییەتی بەناوی ( لیوبۆف ) پێیڕاگەیاند کە" خۆی بە قازی محەمەد بناسێنێت لە مەهاباد و شوێنکەوتوەکانی بخاتە خزمەتی قازییەوە. بەئەنجامدانی ئەم کارە، چالاکی کوردەکانی عێراق بۆ ماوەیەك ڕاوەستا وناوەندی چالاکییەکانیان گوێزرایەوە بۆ ئێران. لەمانگی ئازاری ساڵی (1946)دا کاتێك چووم بۆئێران، زانیم کە ناچارکراوم ببم بە کارناسی مەسەلەی کوردەکان لە ناوەندی پاشبەندی سەربازی. لە سەرەتای چوونم بۆ ئێران ئاشنا بووم لەگەڵ کەسایەتیەکانی کورد لە تاران. دەوڵەتی ئێران مۆڵەتی بەچاپکردنی بڵاوکراوەیەکی بە زمانی فارسی دابوو بەناوی(کوهستان). ئەم بڵاوکراوەیە دکتۆر ئیسماعیل ئەردەلان (کەیەکێك بوو لە ئەندامە خانەدانە ناسراوەکانی ئەردەلان و خەڵکی کرماشان بوو– ئارچی)" دەریدەکرد.

www.pertwk.com



لە (کۆهستان)دا نوسەرێکی نەناسراو، زنجیرە وتارێکی بەناونیشانی (نهێنییەکانی بارزان) دەنووسی کە شیکردنەوەی بارودۆخ و پێشینەی شۆڕشی مەلامستەفا بوو.

هەروەها لەم بڵاوکراوەیەدا، زنجیرە ووتارێکیتر چاپ دەکرا لەژێر ناونیشانی (ڕووداوەکانی ئارارات) کە نوسەرەکەی کەسیترنەبووجگە لە (ئیحسان نوری) کەئەو کاتە لە تاران دەژیا . لە تاران لەگەڵیدائاشنا بووم و باسێکی سەرەتایی دەربارەی چالاکییەکانی بۆ باسکردم بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوردی لە تورکیا. ناوبراو لە (بەتلیس) لەدایك ببوو، ئەفسەری سوپای تورکیا و فەرماندەی فەوج بوولە ساڵی (1943)دا. بەڵام لەوێ نەیتوانی بوو سەرکوتکردنی دڕندانەی کوردەکان تەحەمول بکات کەلە لایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرا. لە نزیك سنوری عێراق، کوردەکانی بۆ ڕاپەرین و شۆڕش ڕێکخست. بەڵام شۆرشگێڕان بە خێرایی شکستیان خوارد و بۆ ئەولای سنور هەڵاتن و لەماوەی چەند ساڵیدواتردا، نوری گروپی شۆرشگێری بچوکی نارد بۆچالاکی لە خاکی ناوخۆی تورکیاداو سەرەتا لە عێراق و دواترلە ئێران فەرماندەیی دەکرد. لە ساڵی (1928)دا پەیوەندی کرد بە هێزەکانی شۆڕش کە لە ناوچەی ئارارات بۆ بەگژداچوونەوەی تورکەکان ڕاپەری بوون.

سۆڤییەتییەکان ڕوانینێکی باشیان سەبارەت بە ڕاپەرینی کوردەکان نەبوو" یەکێك لە فاکتەرەکانی





ناڕەزایی ڕووسەکان پەیوەندی ناسیۆنالیستەکانی کوردبوو لەگەڵ ڕێکخراوی (داشناك)ی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی و بەوهۆیەوە ژمارەیەك لە هێزەکانی سەرسنوریی سۆڤیەت بۆ پشتیوانی تورکەکان، بۆ ئارارات نێردرابوون و کاتێکیش لە ساڵی (1930)دا ڕەزاشا لە چوارچێوەی پەیمانێك لەگەڵ تورکەکان، مۆڵەتیدا بە سەربازانی تورك لە کاتی پێویستدا بۆگەڕان بە شوێن شۆرشگێڕان لە سنور تێبپەڕن. ئەم شۆڕشە سەرکوتکراو لەکۆتاییدا ئیحسان نوری پەنای بۆ ئێران برد. ئەگەرچی هەندێك لە شۆرشگێڕان تاسەرکوتکردنی کۆتایی لە ساڵی (1931)دا، هەربەردەوام بوون لەسەر تێکۆشانی خۆیان.

لەتاران لەگەڵ دوو کوردیتریشدا پەیوەندیم دروست کرد، ئەم دووانە لە دووباڵی جیاوازدا بوون. یەکێکیان نوێنەرێك بوو لە مەجلیسی ئێراندا بەناوی (عەبدول ئاغا دێبوکری) کە یەکێك بوو لە سەرۆك هۆزکانی دێبوکری و لە باشوری دەریاچەی رەزائیە دەژیان. زۆربەی ئەندامانی ئەم هۆزە لە لایەنگرانی شۆرشگێرانی مەهاباد بوون وعەبدول ئاغا بە توندی بێزار بوو لەم هەستەو لەو باوەڕەدابوو ئەم رێگایە بە کودەتایەکی سۆشیالیستی لەژێردەسەڵاتی سۆڤیەتدا، کۆتایی دێت.

کەسەکەیتر کە لەگەڵیدا پەیوەندیم هەبوو، پیاوێکی لاوی خەڵکی مەهاباد بوو بەناوی ( هاشم شیرازی). یارمەتی منیدەدا لەفێربوونی زمانی

www.pertwk.com



کوردیدا. کاتێك پرسیارم لێ کرد کە بۆچی ناوی شیرازیە؟ واتا خەڵکی شیراز. بۆی شیکردمەوە باوکی بەهۆی عەشقی زۆری بۆ شاعیرەکانی شیراز (حافز و سەعدی)" بە شیرازی ناوبانگی دەرکردووە. شیرازی کە لە لایەنگرانی شێلگیرانەی قازی محەمەد بوو و لەگەڵ مەهاباددا پەیوەندی هەبوو، ڕێگای بۆ دیداری من خۆشکرد. هەروەها ئەو لەپەیڕەوانی شۆڕشیسۆشیالیستی بوو و پەیوەندی کرد بە حیزبی تودەوە. لەکۆتاییدا ئەم بیروباوەڕەی بوو بەهۆی ئەوەی کە بخرێتە زیندانەوە. ئەگەرچی لە زینداندا دەستی لە بیروباوەڕی سۆشیالیستی کێشایەوە، بەڵام من دڵنیام هەرگیز لە ناسیۆنالیستی کوردی دەست ناکێشێتەوە.

ڕۆژی ( 12)ی نیسانی (1946)، کەمتر لە ماوەی مانگێك دوای چوونی من بۆ تاران، لەگەڵ فەرماندەیی گشتی سوپای ئێران بڕیارم دا تا دیدەنی بارودۆخ و شوێنی فەرماندەییەکانی سوپا بکەم لە سنە کە دەکەوێتە ناوچەی باشوری کوردستانەوە. جەنەراڵی فەرماندە لەوشوێنە هەمان (ئامانولا جیهانبانی) ناسراوبوو، کە ئەرکەکەی چەسپاندنەوەی دەسەڵاتی ئێران بوو لەناوهۆزە نائارامەکاندا بەدرێژایی سنوری عێراق. ئەم هۆزانە لە ژێر دەسەڵاتی کەسێکدا بوون بە ناوی ( حەمە ڕەشیدخانی بانە) کە بە سەرکردەیان دەژمێردرا و لە ساڵی (1941)دا واتا کاتێك سوپای ئێران لەلایەن هێزە هێرشبەرەکانی رووس





وئینگلیزەوە ناچاربوون ناوچەکە بەجێبهێڵن، ناوبراو لە سنور پەڕییەوەو لەشاری بانە جێگیر بوو و شاری دراوسێی بانە واتا سەردەشتیشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ناوبراو تاساڵی (1941)، بەفەرمانداری نارەسمی دەژمێردرا تا ئەوکاتەی سەرئەنجام سوپای ئێران گەڕایەوەو هەردوو شارەکەی گرتەوە. بەڵام دووبارە تاکاتی چوونی جیهانبانی لەناوەڕاستی ئازاری(1946) دا، درێژەی بە دروستکردنی کێشەدا بۆ سوپای ئێران. لە کاتی دیداری منیشدا، هێشتا سەربازانی ئێرانی لەگەڵ کوردە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە لە شەڕدا بوون.

شوفێرەکەی من ( کاراپتی ئەرمەنی )، کەسێکی زیاد لە پێویست بەنرخ بوو. (کاراپتی) بەباشی قسەی بە تورکی ئازەری دەکرد کە بە تورکیش ناودەبرێت و زمانی هاوبەشی دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێرانە، زمانی رووسیشی دەزانی. سەرەڕای ئەمانەش هەستێکی سیاسی باشیشی هەبوو و زۆربەیجار لە کاتی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ هاوڵاتیانی ناوچەکە، زیاتر لەوە زانیاری بەدەست دەهێنا کە من لە گفتوگۆکانم و پەیوەندییە ڕەسمییەکاندا دەستگیرم دەبوو.

ئەوکاتە ڕۆژێکی تەواو درێژەی دەکێشا تا لە تارانەوە بۆ کرماشان بڕۆیت. کاتێك بە کرماشاندا تێپەڕین، هەوا تاریك ببوو و بارانێکی زۆریش دەباری. لەپڕدا ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بە هۆڕن و

www.pertwk.com



بەگلایت ئێمەیان ڕاوەستاند. ئەم ئۆتۆمبێلە سەرهەنگێکی پلە دوو و سەرجوخەیەکی لیژنەی نوێنەرایەتی ئەمەریکای هەڵگرتبوو، منیان بۆ نانخواردن بانگهێشت کرد.

کاتێك گەیشتمە ماڵی سەرهەنگ، بەشێوەیەکی سەیر سەرهەنگم بینی کە لەسەرەوەی پلیکانەی بیناکە، بە جلوبەرگی ماڵەوە بۆ پێشوازی من هاتبوو. دەیوت: ( کاپیتان، ڕێك وەرە بۆ سەرەوە، ئێرە شوێنی چاوپێکەوتن و یەکترناسین نیە). من دڵم بەوە خۆش کردبوو لەوانەیە بتوانم زانیاری لە سەرهەنگ بەدەستبهێنم. بەڵام ئەو بەشێوەیەك بوو کە بە ووشەی پچڕپچڕو بەدگومانییەوە لە منی دەپرسی" ( لەبەرچی دەتەوێ ئەوانە بزانی؟).

بەیانی ڕۆژی دواتر، دوای نان خواردن ماڵئاوایم کردو لەجادەیەکی خۆڵەوە بەرەو کوردستان (ئەو ناوەی لەشاری سنە نرا بوو – ئارچی) ڕۆیشتین. دیمەنێکی قەشەنگی هەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لافاو و بارانێکی زۆر تەڕیی‌و تازەیی پێبەخشی بوو. بەردە گەورە ڕووتەنەکانی شاخەکان و دەشتێکی سەوزی فراوانی گرتبۆوە. لەدوو شوێندا گۆرانیبێژانی گەڕۆك، بەدەست ڕاوەشاندن ئێمەیان ڕاوەستاند و یەك دوو گۆرانیان بۆ وتین. هاوڵاتیانی ئەم ناوچەیە لەباری ڕەگەزەوە کورد بوون، بەڵام بە پێچەوانەی کوردی ناوچەکانی باکور" شیعە بوون. وادیار بوو زیاتر لەگەڵ ئەو کەشەدا ڕێکتر بوون وەك





لەوەی دۆستایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا نیشان بدەن. دوانیوەڕۆ بوو کە گەیشتمە سنە، چووم بۆ کۆشکی فەرمانداریی وکارتەکەم بۆجەنەڕاڵی‌فەرماندە ( ئامانوڵا جیهانبانی )نارد، پاشماوەیەك پێشوازی لە من کرد و بەشەراب ونانخواردن میوانداری منی کرد و منی برد بۆ بارەگای فەرماندەیی بۆ بیستنی پوختەیەك لە کارەکانی بۆ بەگژداچوونەوەی هۆزە شۆرشگێڕەکانی ناوچە شاخاوییەکان بەدرێژایی سنور. پێشبینیش دەکرا تاڕادەیەك سەرکەوتوو بووبێ و کۆنترۆڵی گوندە کلیلیەکانی بانەو سەردەشتی بەدەستەوە بوو. ئەگەرچی هێشتا شاخەکانی‌دەوروبەر" لانەی کوردەکان بوو.

جیهانبانی کە ئێستا لە شەست ساڵی نزیك دەبێتەوە، باڵایەکی کورتی هەیەو سیمایەکی هەیە ڕەنگە بتوانی بە (ڕووخسارێکی پێشکەوتوو) وەسفی بکەیت. ناوبراوچاویلکەی لە چاودەکردو موویەکی پڕ و سپی هەبوو. کەلە تاران بووم، دەنگوباسیم بیستبوو و دەمزانی لە هۆزی قاجارەو هەمان ئەو قاجارەی پێش فەرمانڕەوایانی ئێستای شاکان، ئێرانیان داگیر کردبوو.

لە لاویدا بەپێی دابونەریتی کۆن، کچی مامی‌خۆی هێنابوو. باوکی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا حاکمی تەوریز بوو، لەکاتی هێرشی ڕووسەکان بۆ ئەم شارە بەهۆی هەڵەیەکەوە لەسێدارەدرابوو، دواتر ڕووسەکان

www.pertwk.com



بۆ بژاردنەوەی کارەکەیان، کوڕەکەیان لە خوێندنگای تۆپخانەی سوپای سوڵتەنەتی لە مۆسکۆ و دواتر لە کۆلیژی ستادی گشتی ڕووسیا" وەرگرت. بەهۆی ئەم پێشینەوە، ڕووسەکان ئەویان چ لە پێش و چ لە دوای شۆڕشی‌ئۆکتۆبەر، بەموڵکی‌خۆیان دەزانی. ((ئەو کارەی کە لەگەڵ ڕوانینی ڕووسەکاندا سەبارەت بە (ڕەگەزی خوارەوە) ناکۆکە)). جیهانبانی لەگەڕانەوەیدا بۆ ئێران، لەگەڵ کچێکی خەڵکی ڕووسیا کە باوکی لە بەڕێوەبەرانی ناوچەیی کۆمپانیای تەلەگراف بوو، ئاشنا بوو و پاش یەك ساڵ دوای ئەو ئاشناییە" مارەی کرد. هاوسەرەکەی بە (ئیلیناخانم ) ناسرابوو و لەکۆڕوکۆبوونەوەکانی تاراندا بەکەسێکی ناسراو دەژمێردرا و لە هاورێیانی خاتوو (لویس دریفۆس)ی هاوسەری باڵوێزی ئەمەریکا بوو. بەڵام لە کاتی سەردانی مندا، لە یەکێتی سۆڤیەت بوو.

جیهانبانی لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ ئێران گەڕایەوە و بە پلەی سەرگەرد پەیوەندی کرد بەیەکەی تۆپخانەی بریگادی قۆزاقی ئێرانەوە، کە لە ژێر فەرماندەیی ڕەزاخاندا بو. بەڵام رەزا خان باوەڕی پێی نەبوو، کاتێك کە شۆڕشی کرد و جڵەوی کاروباری بەدەستەوە گرت، دووڕۆژ جیهانبانی دەستبەسەر کرد لە دەرەوەی پایتەختدا تا دڵنیا بێت لەوەی ڕۆڵێکی زۆری ئەوتۆ لە کودەتادا ناگێڕێت.





دواتر جیهانبانی بۆ خوێندنگای سەربازی پاریس ڕۆیشت و پاشان بۆ سپاردنی پلەی باڵا لەسوپادا، گەڕایەوە بۆ ئێران و گەیشتە پلەی پشکنەری گشتی، سەرۆکی ستادو وەزارەتی بەرگری.

بەڵام ڕەزاشا هەرگیز ئەوی خۆش نەدەویست، ڕەنگیشە هۆکاری ئەم ڕقەش جیاوازی کۆمەڵایەتی قوڵی نێوان جیهانبانی پەروەردەکراو و فەرماندە گوندییەکەی بێت کە شای ئێران بوو. جیهانبانی دەیتوانی بەبێ لەهجە بەفەرەنسی قسە بکات (ئەمەش بەتایبەتی زانیبووم چونکە خۆم لەگەڵ ئەودا گفتوگۆم کردبوو –ئارچی – ).

ڕەفتاری ڕەزاشا لەگەڵ جیهانبانیدا، ڕەفتاری ئاغاونۆکەر بوو. لە درێغی لەشکاندنی نەدەکرد تا ئەو ڕادەیەی ناوێکی خراپی لەو نابوو و کاتێکیش توڕە دەبوو بەو ناوە بانگی دەکرد.

سەرئەنجام لە ساڵی (1939)دا، ڕقی شا کاری خۆی کرد و جیهانبانی یەکسەر لە سوپا دەرکرا. کاتێك کە من ئەوم بینی، جارێکی‌تر بۆ خزمەتی سوپا بانگهێشتکرابۆوە و مانگێك دەبوو بۆ سنە نێردرابوو تا لەناوەندێکی دوور چاودێری بکرێت و لە مەترسی کارەکانی" لە ئاسایشدا بن.

نزیکی ڕۆژئاوابوون بوو کە ڕوونکردنەوەکانی ئەو، کۆتایی هات و دواتر منی سپارد بەیەکێك لە ئەفسەرەکانی ستادەکەی و ئەو ئەفسەرەش بەپێی پیادە، منی بەناو شەقامەکانی شاردا گەڕاند و

www.pertwk.com



زۆربەیان پڕبوون لە كوردی جلوبەرگ پۆشی ناوچەیی و بردمی بۆ شەقامێكی گشتی و بەمنی وت" ناوی شەقامی (چیبكەم)ە. هۆی ئەم ناونانەی بەم شێوەیە گێڕایەوە كە" هاوڵاتیان كاریان نیە جگە لە پیاسەكردن نەبێ تاكۆتایی شەقامەكەو دواتر تووشی دوودڵی دەبیت لە هەڵبژاردنی یەكێك لەو دوو ڕێگایەی دەستەچەپ یاخود دەستەڕاست.

ڕۆژی دواتر من كەوتمە گەڵ جیهانبانی وهاوكارەكانی، تا بەسواری ئەسپەوە ئەو پادگانە ببینم كە لە رۆژئاوای شاردایە. ئەسپەكەی من لە نەژادی عەرەبی رەسەن بوو، سەركێش و نائارام بوو منیش ناچار بووم هەموو كاتێك ڕێشمەكەی بە قایمی بەدەستەوە بگرم.



بەدرێژایی ماوەكە، ئەسپە سەركێشەكەی من ڕووی دەكردە ئەملاو ئەولا و من دەترسام ئەگەر سەركەوتوو بێت و بمخاتە خوارەوە چ خەفەت و شەرمەزارییەك یەخەم دەگرێت. بەتایبەتی لەبەردەم سەربازانێك كە بۆ مەیدانی مەشق بەدەنگی زەنگ هاتبوونە دەرەوە و بۆ پێشوازیمان هاتبوون.

ئەم سەربازانە نمایشێكی شەڕیان ئەنجامدا . بەوشێوەیەك كە سەربازی سوارە بۆ نمایشكردنی چالاكی سیخوڕی و زانیاری بەدەستهێنان، بۆ تەپۆلكەكانی باكوری مەیدانەكە ڕۆیشتن و بەدوای ئەواندا، سەربازەكانیدیكە لەناویاندا خۆمان، جولاین تا ئەوهێرشەی كە بە نمونە لەسەقزەوە كرابوو، تێكی



بشكێنین. كێوەكان ڕۆشن ببونەوە بەتیشكدانەوەی تیشكی ئەو ئاوێنانەی بەشێوەی كۆن بۆ نیشانەكردن بەكارهێنرابوون.

دواتر پێش گەڕانەوەمان بۆ سنە، گەشتێكمان بەو دەوروبەرەدا كردو بارودۆخی هێزەكانم بینی.

ئەسپەكەی من، تا دوا ساتیش وازی لە سەركێشی نەهێنابوو. پێموابوو جیهانبانی لای خراپ نەبوو ئەسپەكە من بەزەویدا بدات و ببێتە بینەری سیمای شەرمەزاری من لەبەردەم سەربازەكانیدا. چونكە گومان لەوەدا نەبوو جیهانبانی، دۆستی ڕووس و ڕووسیایە. ئەگەرچی بە سیستەمی حكومەتی سۆڤییەتی رازی نەبوو، لەوانەشە ئەمەریكاییەكانیشی خۆشنەویت. بەڵام



ڕەفتاری ئەو سەبارەت بە من زۆر دۆستانە بوو، بۆچی ؟ نازانم. ڕەنگە ئاشنایی من لەگەڵ زمانی فەرەنسیدا و پێشینەی نێودەوڵەتیم، لە شێوازی ڕەفتارو ئەتەكێتدا كاریگەری هەبووبێت.

دوای گەڕانەوەمان بۆ سنە، جەنەڕاڵ زۆر داستانی بۆ باسكردم لە چۆنایەتی شكستدان بە ( سمكۆ ) لە ناوەڕاستی دەیەی (1920)دا بە (15)هەزار سەرباز لەبەرامبەر نزیكەی (10) هەزار كوردو توركدا.

دەیوت:(سیمقتۆ" نەیدەتوانی باوەڕ بكات لە بەرامبەر سوپای ئێراندایە، چونكە لە ڕابردوودا سەربازانی ئێمە كاراییەكی ئەوتۆیان نەبووە. بەڵام هەموو شت گۆڕا بوو و سوپای ئێمە ئیدی سوپایەكی

www.pertwk.com



کورد لە یاداشتەکانی ئارچی  رۆزڤێڵت دا

شەڕکەر بوو). و ئێستاش ئەو بەلایەنی زۆرەوە هەوڵدەدا تا دووبارە  ئەم ئاستە لە سوپای ئێراندا پایەداربکاتەوە. ئەویش لەناوچەیەکدا کەبەشێوەیەکی تراژیدی جێگاخاڵییەکەی دیاربوو.

www.pertwk.com



# کۆماری کوردی مەهاباد

داستانی کۆماری مەهاباد بەپشتیوانی شورەوییەکان لە مەهاباد، وەرزێکی سەرنج ڕاکێشە لە مێژووداو لەراستیدا من تەنها چاودێری ئەمەریکایی بووم لە ناوچەکەدا. شورەوییەکان دوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لەباکۆ لە ساڵی (1941)دا، ئیتر بایەخێکی ئەوتۆیان بە کوردەکان نەدەدا. هەروەها سەرگەرمی مەسەلەی جەنگیش بوون. بەڵام ئەم سەرگەرمییە بەهیچ جۆرێك نەبوو بەهۆی ئەوەی کە ئەوان لە خاکەکانی‌نێوان ناوچە داگیرکراوەکانی شورەوی و بەریتانیادا، دەست لەسەر دەست دابنیێن و کارێك نەکەن. سوپای‌سور، لەو سەردەمەدا نەدەتوانرا بە سوپایەکی پێشکەوتوو دابندرێت. هێشتا تائەندازەیەکی زۆر، بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە پشتیان بە ئەسپ بەستبوو و دەلاڵانی شورەویی لەم ناوچەیەدا، چەندین جار بۆ کڕینی ئەسپ سۆراغی کوردەکانیان کرد.

یەکێك لەم دەلاڵی ئەسپانە بەناوی (عەبدولائۆڤ)، ئەرکێکی‌تریشی وەکومەئموری سیاسیی نهێنی شورەویی" لە ئەستۆدا بوو.

ناوبراو لە دوکانی شەرابفرۆشێکی ئەرمەنی لەگەڵ کوردێك کە لەتەنیشتی دانیشتبوو، دەرگای



ئاشنایی کردبۆوە و ئەو مەسەلەیەی کە ئەم کوردە یەکێك ببوو لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کۆمەڵە، هەرگیز ڕێکەوت نەبوو. ئەم کوردەش یەك بەیەك مەئمورە سۆڤییەتییەکە، بە ڕێبەرانی‌تری کۆمەڵە دەناسێنێت. لەو کاتە بەدواوە، کۆمەڵە بەناچاری ڕاکێشرایە ناوبازنەی سۆڤییەتیەوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی قازی محەمەد لە ساڵی (1944)دا بوو بە ڕێبەری.

سەرەڕای دەلاڵانی ئەسپ، مەئمورێکی‌تری کوردنەژادی سەربە شورەوی بەناوی کابتن (جەعفەرۆڤ)یش هەبوو کە لەناو عەشیرەتەکاندا دەسوڕایەوە. ئەو کەسێکی وەکو( تی. ئای. لۆرانس)ی کوردی وابوو کە جلوبەرگی ناوچەیی کوردی دەپۆشی‌و لەگەڵ تەواوی ڕێبەرانی هۆزەکانی کوردی ناوچەکانی باکور" پەیوەندی دروستکردبوو. ناوبراو تەنها کاربەدەستی کوردنەژادی سۆڤییەتی بوو لە ناوچەکەداو ئەوانی‌تر بەگشتی لە ئازەربایجانییەکانی سۆڤیت بوون، وەکو( هاشمۆڤ )ی کونسوڵی شورەویی لە ڕەزائیە و کابتن ( نماز عەلی ۆڤ )ی ئەفسەری سیاسی شورەویی لە میاندواو.

تەواوی ئەم کەسانە لەگەڵ کاربەدەستی سیاسی باڵای شورەویی لە تەوریز کە ناوی جەنەڕاڵ ( سەلیم ئاتاکچیۆڤ ) بوو" پەیوەندییان هەبوو و ڕاپۆرتەکانی خۆیان بەو دەدا.

www.pertwk.com





ئەکتاچیوۆڤ  کە دەیویست بۆ جێبەجێکردنی پلان و نەخشەکانی شورەویی، ڕێکخراوێك لەژێر ڕێبەری یەکێك لە کوردەکان دابمەزرێنێت. ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانی بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی ڕێبەری لەبەرچاو گرتبوو و کەسێکی گونجاوی دەست نەکەوتبوو .

لە سەرەتای سالّی (1945)دا، هەستی بەوخالّە کرد کە قازی محەمەدی ڕێبەری حیزبی کۆمەلّە، شایستەیی جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەی هەیە. لە نیسانی سالّی (1945)دا ڕێکخراوی پروپاگەندەی شورەویی واتا ( ڤۆکس )، لە مەراسیمێکدا (ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان – شورەوی) لە مەهاباد دامەزراند. لە ڕیزی بەرنامە سەرەکییەکانی ئەم مەراسیمە، نمایشێکی ناسیۆنالیستی کوردیی بوو. ناوەرۆکی سەرەکی نمایشەکە، پەلاماردانی سێ کەسی دڕندە ( واتا ئێران و عێراق و تورکیا ) بوو بۆ سەر نیشتمانی کوردستان و سەرئەنجام ڕزگارکردنی مام وەتەن بوو لەلایەن کوڕەکانیەوە.

بینەران کە تائەو کاتە ئاشناییەکی ئەوتۆیان لەگەلّ نمایش و شانۆ نەبوو، لەناخەوە کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە.

سەریان لەسەرشانی یەکتر دادەناو ئەگریان و سوێندیان دەخوارد تۆلّەی کوردستان لە دوژمنە دێرینەکانیان بکەنەوە.





لەوە بە دواوە، زۆربەی کات مەئمورانی شورەویی لە مەهاباد دەژیان. ڕۆژێ لەمانگی ئەیلولدا، کابتن (نماز عەلی ۆڤ ) هات بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی قازی و ڕێبەرانیتری کورد بانگهێشت بکات بۆ تەورێز.

لەتەوریز، سەرۆك عەشیرەتەکانیتریش پەیوەندیان پێوەکردن و هەموویان بەڕێگای شەمەندەفەر بەرەوباکۆ بەڕێکەوتن.

لە باکۆ پێیان وترا کە" پێشنیازەکانیان بۆ ئایندەی ناوچەکە بنوسن تا بۆ (جەعفەر باقرۆڤ)ی سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجانی شورەویی" بنێردرێت.

ئەم کەسانە بەهەمان شێوەی چاوەڕوان دەکرا، پێشنیازێکیان پێشکەشکرد بۆ دامەزراندنی دەولّەتێکی سەربەخۆی کوردی بەهاوکاری شورەوی.

لە کۆبونەوەی چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد لەگەلّ باقرۆڤ، باقرۆڤ بەڕێبەرانی کوردی وت" ئەگەرچی شورەوی لایەنگری سەربەخۆیی هەموو میللەتە جۆراوجۆرەکانە، بەلاّم ئێستا ئەوان پێویستە هاوکاری بکەن لەڕێی دامەزراندنی دەولّەتێکی خودموختاری (دیموکراتی) کە تەواوی ئازەربایجان بگرێتەوە. ناوبراو هەم حیزبی تودە و هەم حیزبی کۆمەلّەی شکاند و پشتیوانی شورەویی ڕاگەیاند بۆ حیزبی تازەدامەزراوی دیموکراتی ئازەربایجان و تکای لە کوردەکانیش کرد جارێ بەشێوەی تاکتیکی پەیوەندی بەم حیزبەوە بکەن و لە ڕاپەرینی گشتییاندا بەشداری بکەن.

www.pertwk.com



قازی محەمەد له وەڵامی تکای باقرۆڤدا، باسی لە داوای خودموختاری کوردەکان کرد.

باقرۆڤ بەڵینیدا شورەوییەکان پشتیوانی لەخودموختاری کوردەکان بکات و هەروەها سەبارەت بە داواکاری قازی بۆوەرگرتنی یارمەتی سەربازیش، وەڵامێکی ئیجابی دایەوە و ڕێکەوتنێك کرا لەسەر بنەمای پشتیوانی شورەوی لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان .

قازی محەمەد لە گەڕانەوەیدا بۆ مەهاباد، پاشماوەیەك تووشی مەسەلەی مەلا مستەفا بوو کە لە کاتی لەوێ نەبوونی ئەودا، سنوری بڕی بوو و هاتبووە خاکی ئێرانەوە.

لە یەکەمین کۆبۆنەوەی نێوان قازی محەمەد ومەلا مستەفا لە مەهاباد، لەسەر پێویستی جێگیربوونی نوێی بارزانی و هاوکاری جەنگاوەرانی ئەم هۆزە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی قازی محەمەددا" گەیشتنە ڕێککەوتنێك.

لە تشرینی دووەمی ساڵی (1945)دا، (قازی محەمەد)" سەرۆك عەشیرەتەکان و کەسایەتییەکانی شاری بانگهێشت کرد تا لە ناوەندی نوێی فەرهەنگی شورەوی ــ کوردستاندا" کۆببنەوە. قازی لە هەمان کۆبونەوەدا، دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند.

دواتر حیزبە نوێیەکە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك، خوازیاری دەوڵەتێکی خودموختاری





ناوچەیی بوو لە (ناوخۆی وولاتی ئێران)دا – هەمان ئەو ئامانجەی کە قازی هەرگیز لێی پاشگەز نەبۆوە – و (یەکێتی و برایەتی لەگەڵ میللەتی ئازەربایجان).

لە هەمان مانگدا، حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان دەستیکرد بە پەرەدان بە نفوز و خستنەکاری دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پارێزگاکە و لە ڕۆژی ( 12) ی کانونی یەکەمدا یەکەمین کۆبونەوەی مەجلیسی میللی ئازەربایجان کرایەوە.

قازی محەمەدیش نوێنەری بۆ ئەم مەجلیسە نارد. بەڵام ئەم نوێنەرانە دوای ئەوەی لە یەکەمین کۆبونەوەی مەجلیسدا، بۆیان دەرکەوت کە ئازەربایجانییەکان خەیاڵی ئەوەیان نیە سەربەخۆیی کوردستان بەڕەسمی بناسن، بە فەرمانی قازیمحەمەد بانگ کرانەوە بۆ مەهاباد.

قازی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و لە ڕۆژی (22)ی کانونی دووەمی ساڵی (1946)، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی مەزن لە عەشایرو شارنشینانی کورد، قازی وەکو سەرۆکی ئەم کۆمارە هەڵبژێردرا.

قازی لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمەدا، بەحوکمی پێگەی تازەی و بەرژەوەندی سیاسی، جلوبەرگێکی لەشێوەی یونیفۆرمی سوپای شورەویی پۆشی بوو کە هیچ گونجاوییەکی لەگەڵ مەندیلی سپی کوردیدا نەبوو.

www.pertwk.com



قـازی زۆر ئاره‌زوومه‌نـد بـوو سـوپایه‌کی میللـی رێکبخات، تا له تکاکردن له‌سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌کان که دڵـسۆزییه‌که‌یان جێگـای شـك و گومـان بـوو" که‌مبکاته‌وه.

ئه‌فسه‌رێکیش له‌و شوره‌وییانه‌ی له مه‌هاباد بوون، پێی سپێردرا که له ڕێکخستنی سوپاکه‌دا یارمه‌تی قازی بدات. ئه‌م ئه‌فسه‌ره ناوی کابتن ( سه‌لاحه‌دین کازمۆف )بوو، زۆربه‌ی کاتیش به ( کاك ئاغا ) بانگ ده‌کرا. کاك ئاغا به‌ئاماده‌کردنی هه‌ندێك یونیفۆرمی، ڕووسی به‌خێرایی سوپایه‌کی پێکهێنا که خاوه‌نی چوار سه‌رهه‌نگ بوو" کاك ئاغاخۆیی‌و سێ‌که‌س له‌به‌رجه‌سته‌ترین سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌کان واتا (مه‌لا مسته‌فا) و(حمه‌ڕه‌شیدخانی بانه) و (عومه‌ر خان)ی سه‌رۆك عه‌شیره‌تی شکاك.

بێگومان سوپایه‌کی له‌وجۆره کارایی پێویستی نابێت، ئه‌گه‌رچی ( 60) شه‌ست لاوی کوردیش بۆ ڕاهێنانی سه‌ربازی بۆ باکۆ نێردرابوون.

ورده ورده ئه‌و هۆزو عه‌شیره‌تانه‌ی له‌گه‌ڵ سوپای ئێراندا له‌ململانێدا بوون و هه‌وڵیان ده‌دا تا له سه‌قزه‌وه به‌ره‌و باکور پێشڕه‌وی بکه‌ن، ژماره‌یان که‌مده‌بۆوه تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ی ته‌نها بارزانییه‌کان واتا نزیکه‌ی هه‌زارودووسه‌د پیاوی دڵسۆزی مه‌لامسته‌فا مانه‌وه. سه‌رئه‌نجام دوای چه‌ند شه‌ڕێك له‌گه‌ڵ سوپای ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندیدا، سه‌رۆکی پشکنه‌ری گشتی سوپای ئێران جه‌نه‌راڵ ( ڕه‌زم ئارا )، له‌ڕۆژی سێیه‌می



کورد له یاداشته‌کانی ئارچی رۆزڤیڵت دا

مانگی ئایاردا ڕێکه‌وتنێکی ئاگربه‌ستی ئیمزاکرد له‌گه‌ڵ هێزه‌کانی کورددا. به‌پێ‌ی ناوه‌ڕۆکه‌که‌ی" هێڵی ئاگربه‌ست له ده‌وروبه‌ری شارۆچکه‌ی بۆکانه‌وه که‌ده‌که‌وێته باکوری شاری سه‌قز و تا سه‌ره‌ڕێی‌مه‌هاباد دیاریکرا.

ئه‌گه‌رچی ئه‌م ڕێکه‌وتنه هه‌رگیز له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی قازی‌محه‌مه‌ده‌وه به‌ڕه‌سمی نه‌ناسرا، به‌ڵام پاشه‌کشێی هێزه‌کانی‌شوره‌ویی له ئێران له ڕۆژی (12)ی مانگی ئایاردا، بێگومان یه‌کێك له‌و هۆکارانه بوو که بوو به‌هۆی ئه‌وه‌ی کورده‌کان سیاسه‌تی هێرشکردن وه‌لانێن و بڕیاڕه‌کانی ئاگربه‌ست به‌کردار جێ‌به‌جێ بکه‌ن.

ئێستا ئیتر ڕێگا کرابۆوه و من ده‌متوانی سه‌ردانێکی سه‌قز بکه‌م، سه‌ردانێك که ماوه‌یه‌کی زۆر له‌مه‌وپێش نه‌خشه‌م بۆ کێشابوو.

ڕۆژی (12)ی ته‌موز، به ئوتومبێلێکی جێپ له کرماشانه‌وه به‌ڕێکه‌وتم و به‌ناو کێڵگه‌کانی گه‌نم و تووتندا تێپه‌ڕیم و به‌گه‌یشتنم بۆ مله‌ی مه‌حمودئاوا، که‌وتمه ناو ناوچه‌ی سه‌ربازییه‌وه ، سه‌رهه‌نگێکی سوپای ئێران که‌وته گه‌ڵمان. ناوبراو ئه‌و قولله‌ی چاودێرییانه‌ی پێ‌نیشان داین که که‌وتبونه لوتکه به‌رزه‌کان و سه‌ر ته‌پۆلکه‌کانی ئه‌ولاتر که‌له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی عه‌شیره‌ته شۆڕشگێره‌کاندا بوو. ئه‌م عه‌شیره‌تانه له‌ماوه‌ی مانگی ڕابردوودا دووجار هێرشیان بۆ ئه‌م ڕێگایه کردبوو.

www.pertwk.com



لەسەر ڕێگامان بەرەو سەقز، سەردانی سەرلەشکر (فەزڵوڵاهمایۆنی)یم کرد کە مانگێك لەمەوپێش لە خۆزستانەوە بۆ ئێرە گوێزرابۆوە، سەرلەشکر همایۆنی لە خۆزستان توانایخۆی سەلماندبوو.

همایۆنی کەسێکی گەورە بوو، باڵای بەرزو زیرەك بوو، قژی لەپێشەوە لادابوو. بە ووتەی بەپێزو ڕاشکاوییەتیو ڕاستگۆیی و زەردەخەنەکانی" منی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە. چونکە ئەو کاتە، ئەم تایبەتمەندییانە لەناو ئەفسەرانی ئێراندا ئەوەندە بەربڵاو نەبوو. بەتەواوی ئاشکرا بوو ئەفسەرێکی شایستە و کارایە و بەوە ناسرابوو لە شەو و ڕۆژیکدا (18) سەعات کاردەکات.

ناوبراو منی بۆ مەکتەبەکەی برد و لەوێ بە کۆمەڵێك ئەفسەر ئاشنای کردم و ڕوونکردنەوەیەکی سەربەخۆشی دەربارەی بارودۆخی ناوچەکە" خستەبەردەستم.

ئەو هێزە زۆرەی لەبەرامبەریدا بوو، نزیکەی نۆسەد شۆرشگێڕی بارزانی بوون کە لە بەرەی باکوری سەقزدا بوون. حەمەڕەشید خانی بانە لەگەڵ (250) کەسدا، تەنگەیەکی لە سەر ڕێگای بانە گرتبوو و سەرەڕای ئەویش ( زیرۆ بەگ )ی سەرۆکی تیرەی هەرکی (سورچی) و پیاوانی تیرەکانیتریش بەشێك بوون لە بارزانیەکان.

ئێمە لەگەڵ سەرهەنگی دووەم (عەلی غەفاری) (( ئەفسەری بەرپرسی پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکاندا))،





سواری فڕۆکەیەکی ئیستتلاعی بچوکی ( تایگرمات ) بووم. من تا ئەو کاتە جگەلە فیلمەکانی پەیوەندیدار بە جەنگی جیهانییەکەم، فڕۆکەی لەو جۆرەم نەدی بوو.

فڕۆکەکە، پارێزەرێکی لە بەرامبەر (با)دا نەبوو. فڕۆکەوانەکە لە کورسی پێشەوەدا بوو و من بەسودوەرگرتن لە دەمامکێك لە پشت سەریەوە دانیشتبووم. بەربەستێکیدیواریی، من و ئەوی لەیەکتر جیادەکردەوە. ئەمەش یەکێك بوو لە ترسناکترین بازرگانی بە ژیانم.

فڕۆکەوانی فڕۆکەکەی من، پیاوێکی ڕووخۆش بوو کە دەنگیم لە ڕێگەی سەماعەی گوێوە دەبیست. من بە هەشت قایشی پاراستن، قایم بە کورسییەکەوە بەسترابوومەوە، بەڵام دووبارە کاتێك فڕۆکەکە لەسەر زەوی هەستا" هەستم بە ئاسایش نەدەکرد.

داشبورد و بەشە تایبەتییەکانیفرۆکەکە، زۆر سەرەتایی بوون و هەردوو باڵەکانی فڕۆکەکە" بەهۆی سیمی تایبەتییەوە بەیەکەوە بەسترابوونەوە.

ئێمە بەو فرۆکەیە بەسەرقوللەی لوتکەی کێوێکدا فڕین کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای ئێراندا بوو و بەدەوریشیدا، ئاسەواری خێمەو سەنگەری کوردەکان بەرچاودەکەوت. فڕۆکەکەمان نزیکەی بەسەر لوتکەی کێوێکدا کە دەکەوتە نێوان سەقز و بانە و دواتر لە بەرزاییەکانی خوارترو بەسەر شارەکانی بانەو

www.pertwk.com



سه‌رده‌شتدا فڕین كه‌، ناوچه‌ی سه‌ربازی و گه‌مارۆدراوی كورده‌كان بوو.

من به‌و هه‌موو ترسه‌ی هه‌مبوو، وه‌كو هه‌ڵۆیه‌ك هه‌ستم به‌ شانازی ده‌كرد. با به‌ توندی به‌ر ده‌م وچاوم ده‌كه‌وت و ئێمه‌ به‌سه‌ر كێوه‌ داپۆشراو به‌ دره‌ختی كاژو دۆڵه‌ سه‌رسه‌وزو كێوه‌كانی عێراقدا" فڕین كه‌ هێشتا به‌ به‌فر داپۆشرابوو.

دواتر له‌ناكاو له‌ ( بانه‌) نیشتینه‌وه‌و بۆ یه‌كێك له‌ قوله‌ به‌خشت و گڵه‌دروستكراوه‌كانی پادگانه‌كه‌ به‌ڕێكراین. له‌سه‌ر ڕێی گه‌ڕانه‌وه‌مان بۆسه‌قز، فڕۆكه‌وانه‌كه‌ خۆی سه‌رگه‌رم كرد بوو به‌ ئه‌نجامدانی جوڵه‌ی نمایش و فڕین له‌ به‌رزییه‌وه‌ بۆ خواره‌وه‌وپاشان به‌رزبوونه‌وه‌و ... فڕۆكه‌وانی فڕۆكه‌كه‌ی من له‌ كۆتاییدا به‌خێرایی سوڕایه‌وه‌و فڕۆكه‌كه‌ی به‌سه‌لامه‌تی و ته‌واوی له‌ فڕگه‌كه‌دا" نیشانده‌وه‌. پێموایه‌ ئه‌فسه‌رانی‌تری ئێرانی، له‌وه‌ی كه‌ وه‌كومن هاتبوونه‌وه‌ سه‌رزه‌وی، هه‌ستیان به‌ ئارامی و ئاسایش ده‌كرد.

ڕۆژی دواتر، فڕۆكه‌وانه‌كه‌ دووباره‌ منی سواری فڕۆكه‌كه‌ی كرده‌وه‌و یه‌كه‌مین سه‌فه‌ری گه‌ڕانه‌وه‌م ده‌ستپێكرد بۆلای باشورو شاری‌هه‌مه‌دان. له‌سه‌ر ئاسمانی شاری هه‌مه‌دان، به‌به‌رزییه‌كی كه‌م له‌سه‌ر شاره‌كه‌، سوڕایه‌وه‌و له‌كاتی نیشتنه‌وه‌دا به‌شێوه‌یه‌كی ستونی به‌دوورییه‌كی كه‌م له‌ دۆسته‌كانی كه‌ له‌فڕگه‌كه‌دا چاوه‌ڕێ بوون" نیشته‌وه‌ سه‌رزه‌وی.







هه‌فته‌یه‌ك دواتر كاتێ بیستم یه‌كێك له‌ فڕۆكه‌كان له‌ گوزه‌ری نێوان سه‌قز و بانه‌ به‌ربۆته‌وه‌و به‌وهۆیه‌وه‌ فڕینی ئه‌م جۆره‌ فڕۆكانه‌ قه‌ده‌غه‌كراوه‌، زۆرلام سه‌یر نه‌بوو.

له‌م نێوانه‌دا، ئه‌گه‌رچی به‌ره‌ی سه‌قز بێ‌ده‌نگ بوو به‌ڵام نائارامی له‌ باكور، له‌ سه‌رسنوری ناڕه‌سمی نێوان كوردستان و ئازه‌ربایجان سه‌ریهه‌ڵدابوو.

كورده‌كان و ئازه‌ربایجانه‌كان له‌" خوی، ڕه‌زائیه‌ و میاندواو ده‌ستیان به‌ پێكدادان كردبوو. به‌ڵام لێپرسراوانی شوره‌وی به‌ هه‌ڕه‌شه‌ كردن به‌ كشانه‌وه‌ی سوپای سور، كۆتاییان به‌ شه‌ڕه‌كان هێنابوو.

ئێستا شوره‌وییه‌كان له‌ ئێران چووبوونه‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ڵام وایان به‌ به‌رژه‌وه‌ند ده‌بینی كه‌ كاربه‌ده‌سته‌ سیاسییه‌كانیان بۆ به‌ده‌ستهێنانی ڕێككه‌وتنێك وه‌كو ناوبژیوان له‌ تاران له‌گه‌ڵ قه‌وامی[*] سه‌رۆك وه‌زیردا، گفتوگۆ بكه‌ن.

سه‌رئه‌نجام دیموكراته‌كان گه‌یشتن به‌ ڕێككه‌وتنێك و ئازه‌ربایجان به‌پاشكۆیه‌تی ناوچه‌كوردنشینه‌كان، جارێكی‌تر بوو به‌ به‌شێك له‌ئێران و ڕێبه‌رانی حیزبی دیموكرات به‌ هه‌مان ئه‌و پلانه‌ی كه‌ بۆخۆیان داتاشی‌بوو" داندران. سروشتیشه‌ كورده‌كان ئه‌م جێگیركردنه‌یان پێ‌خۆش نه‌بوو. چونكه

---

[*] مه‌به‌ست له‌(قوام السلطنة) ی سه‌رۆك وه‌زیرانی ئه‌و كاته‌ی ئێرانه‌. (و.ك)

www.pertwk.com



دیموكراته‌كانی ئازه‌ربایجان پێگه‌ی خۆیان كردبوو به یاسایی، به‌ڵام سه‌ری قازی‌محه‌مه‌د و ده‌وڵه‌ته خودموختاره‌كه‌ی" بێ‌كڵاو مابۆوه و كورده‌كان كه پێشتر كه‌مینه‌یه‌ك بوون له ده‌وڵه‌تی ئێران، گۆڕابوون بۆ كه‌مینه‌یه‌ك له ده‌وڵه‌تی توركانی ئازه‌ربایجانی.

قازی محه‌مه‌د خۆی چوو بۆ تاران و داوای له قه‌وام كرد وه‌ك حاكمی ئوستانی كوردستان دایبنێ كه پێكهاتووه له شاره‌كانی" كوردستان و ناوچه كوردنشینه‌كانی ئازه‌ربایجان. قه‌وامی سه‌رۆك وه‌زیری ووریای ئێران ڕازی بوو به پێشنیازی قازی به‌ومه‌رجه‌ی قازی" موافه‌قه‌تی دكتۆرجاڤیدی حاكمی دیموكراتی ئازه‌ربایجان به‌ده‌ستبهێنێت.

دكتۆر جاڤید به‌توڕه‌یی پێشنیازی قازی ڕه‌تكرده‌وه‌و ناكۆكی‌و ناڕێكی كورده‌كان و ئازه‌ربایجانییه‌كان زیادی كرد.

ئێستا گونجاوترین كات بوو تا من تاران به‌جێبهێڵم و سه‌ردانێكی ناوچه مه‌ركه‌زییه‌كانی كوردستان بكه‌م.

له سه‌ره‌تادا بڕیارم دا به‌ته‌نها له‌گه‌ڵ شوفێره‌كه‌م (كاراپێتی)ی‌بێ‌وێنه، ده‌ست به سه‌فه‌ره‌كه‌م بكه‌م. به‌ڵام كۆڵۆنێڵ (ویلیام سكستن) داوای كرد یه‌كێك له هاوكاره‌كانی كه تووشبوونی به‌ئه‌لكهول گه‌یشتبووه ئاستێكی باڵا، له‌گه‌ڵ خۆمدا ببه‌م. مه‌به‌ستی كۆڵۆنێڵ ئه‌وه‌بوو ڕه‌نگه هه‌لومه‌رجی سه‌فه‌ر، بتوانێت باشبوونێك له بارودۆخیدا بخوڵقێنێت و من هاوكاره



ئه‌لكهولخۆره‌كه‌م ئاگاداركرده‌وه كه ئه‌لكهول له كوردستاندا به‌هه‌موو شێوه‌یه‌ك قه‌ده‌غه‌یه چونكه ناوچه‌یه‌كی ئاینییه.

بۆئه‌وه‌ی سه‌فه‌ره‌كه‌ی له‌حاڵه‌تی سه‌رخۆشیدا ده‌ست پێنه‌كات، بڕیارم دا سه‌عات چواری به‌یانی له ماڵی خۆی سواری بكه‌م. به‌ڵام به‌داخه‌وه كاتێك گه‌یشتمه ئه‌وێ، زانیم مه‌جلیسی زیافه‌ت هێشتا له ماڵه‌كه‌یدا به‌رده‌وامه. هاوكاره‌كه‌م به زه‌حمه‌ت توانی‌خۆی بگه‌یه‌نێته جێبه‌كه. دواتر بینیم زه‌رفێكی گه‌وره‌ی پڕ له‌ئاوی گریپ فروتی له‌گه‌ڵ خۆیدا هێناوه كه بیخواته‌وه خۆشحاڵ بووم. به‌ڵام دواتر بۆم ئاشكرابوو شله‌مه‌نی ناو زه‌رفه‌كه، بڕێكی زۆر ڤۆدكایه له‌گه‌ڵ كه‌مێك ئاوی میوه.

به‌هه‌رحاڵ توانیم به‌بێ كاره‌سات به بازگه جۆراوجۆره‌كانی پشكنیندا تێبپه‌ڕین و به‌ره‌و ته‌وریز لێبخوڕین. ئه‌گه‌رچی ناچاربووین ڕۆژی دواتر له‌وێ بگوزه‌رێنین.

له‌ماوه‌ی ئه‌م مانه‌وه كورته‌دا، بارودۆخی هاوكاره‌كه‌م زۆرباش نه‌ببوو، به‌ڵام ئاگاداركردنه‌وه‌كه‌ی منی سه‌باره‌ت به مه‌ترسییه‌كانی خواردنه‌وه‌ی ئه‌لكهول له كوردستاندا به‌جدی گرتبوو.

ڕۆژی هه‌ینی سیانزده‌ی مانگ بوو له ساڵی (1946)دا، كه له ته‌وریزه‌وه به‌ڕێكه‌وتین.

ڕێگای ته‌وریز بۆ شاپور داپۆشرابوو به‌و شوان و مێگه‌لانه‌ی به‌ره‌و باكور ده‌ڕۆیشتن. شوانه‌كان به

www.pertwk.com



ئێمەیان وت کە ڕمەکانیان بەرەو سنورەکان دەبەن دژی ڕووسەکان.

هەروەها کاتێك لە خوی نزیك بووینەوە، لوتکەی سپی کێوی ئاراراتمان دەبینی کە لە بەرامبەرمان و لە باکوری ڕۆژئاوای ناوچەکەدا هەڵکەوتبوو. هاتەوە بیرم کە ئەم کێوە، سەردەمێك بورکانای بووەو بەو بۆنەیەوە کوردەکان بە ئاگری (واتا ئاگرین) ناویان ناوە. سەدای جەنگی شۆرشگێڕانی کوردی ئارارات کە ئیحسان نوریپاشا بۆی باسکردبووم" هاتەوە یادم.

ڕێك پێش گەیشتن بە شاپور، یەکەمین دەستەم لە کوردەکان بینی و هەموویان لە ئەندامانی هۆزی شکاك بوون و بەدەوری کڵاویخڕیلەبەن دروستکراودا، جامانەیەکیفۆلکلۆریان بەستبوو. بەخێرایی بەناوشاردا تێپەڕین کە پڕبوولە پێشمەرگە و شکاکی چەکدار وچاوم کەوت بە یەکێك لە گەورە ڕیشسپییەکانی کوردستان واتا عومەرخان.

عومەرخان" دوای کوژرانی سمکۆ ببوو بە سەرۆکی هۆزی شکاك. ناوبراو بۆ ماوەیەك وەزیری جەنگی قازیمحەمەد بوو، لەمانگی ئایاردا تەنانەت هەندێك لە کەسانی هۆزەکەی بەمەبەستی شەڕ لەگەڵ سوپای ئێراندا ڕەوانەی ناوچەی سەقز کردبوو. بەڵام لەوکاتە بەدواوە خۆی لە قازی محەمەد کێشابۆوەو لە گوندی باوباپیری (زندەشت)، کە





دوورییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شاپوردا نەبوو، خۆی دوورەپەرێز گرتبوو.

دوای تێپەڕین بەناو شاپوردا، لە یەکەمین کەسی هۆزی شکاك کە لەسەر ڕێمان بوو، لەناونیشانی عومەرخانمان پرسی و ئەو لەکاتێکدا بە شێوەیەکی خراپ تەماشای دەکردین، لە وەڵامماندا وتی: (بۆچیدەبێت پێتان بڵێم ؟) و دواتر دوای ئەوەی بەوردی هەڵیسەنگاندین، وتی: (زۆرباشە پێتان دەڵێم). ئێمەی بۆ ڕێگای ماڵەڕۆی ڕێنماییکرد لەلای ڕۆژئاوای ڕێگاکەوە. ئەم ڕێگایە بە ناو تەپۆلکەدا دەڕۆیشت، ئێمە دوای هەوڵێکی زۆر گەیشتینە گوندی زندەشت و ماڵی عومەر خان.

کوردێکی کەڵەگەت –کە زانرا کوڕی عومەرخانە– لەبەردەم دەرگاکەوە پێشوازی لە ئێمە کردو ئێمەی بۆ ژوورێکی سەرەوە برد. لەناو ئەم ژوورەدا، دوو تفەنگ بەدرێژی خەوێنرابوو و من هەرگیز لە مەبەست و هۆکارەکەی نەگەیشتم ..

سەعات یەکی دوایینیوەڕۆ بوو و عومەرخان نانیخواردبوو، لەخەوی دوای نانخواردنینیوەڕۆدا بوو. کوڕەکەی کورسی هێنا، دواتر یەك دوو دەستە کورد، هاتنە ژورەوەو دانیشتن بەدوای ئەواندا عومەرخانیش هات. عومەرخان باڵابەرزبوو و دەموچاوی بەتەواوی چاککردبوو و پاکوخاوین بوو. کڵاوێکی پاپاغی پێستی ئاسکی لەسەربوو" لەکاتێکدا سەرجەم لایەنگرانیتری هەموویان

www.pertwk.com



جامانەی کوردیان لەسەر بوو. عومەرخان بە تەمەنێکی کەمتر لە هەفتاساڵ دەبینرا.

دانیشتین و عومەرخان لەلای ڕاستمان بوو و لەپەنا دەستیشیدا ئێرانییەکی ڕیش کورت و کورتەبنە دانیشتبوو کە کۆتێکی‌کۆنی ڕەنگ ڕۆیشتووی لەبەردابوو. لەلای چەپمان مەلایەکی مێزەر سپی بوو و لەتەنیشتیشی پیاوێکی پێست ئەسمەر بە کراس و پانتۆڵ و چەکمەیەکی ڕووسیەوە دانیشتبوو.

لەکاتێکدا لەگەڵ عومەرخاندا سەلام وئەحواڵپرسیمان دەکرد، نامەیەکم دایێ کەلەلایەن عەبدول ئاغا ئیلیخانی‌زادەوە هێنابووم کە یەکێك بوو لە دۆستە کوردەکانی تارانم. ئەو کە نەیدەتوانی ناسیننامەکە بخوێنێتەوە، دای بە کوڕەکەی وکوڕەکەشی بە هێواشی و هەوڵێکی زۆر، ناوەڕۆکەکەی خوێندەوە. بەڵام نەیتوانی ناوی خاوەنەکەی بخوێنێتەوە. منیش بەهۆی بوونی پیاوێك کە بەرگی ڕووسی پۆشی بوو، بەباشم نەزانی ناوی خاوەن نامەکە بهێنم، بەم شێوەیە دیاربوو نامەکە زۆر کاریگەر نەبوو.

دواتر دوای ماوەیەك" نانمان خوارد. لەکاتی نانخواردندا هەلێکم بۆ هەڵکەوت بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە دەمەویست دواتر باسی بکەم. بەڵام بوونی ئەو پیاوە بێگانەیە کە کەسیش هەوڵینەدەدا پێمان بناسێنێت" ئازاردەر بوو. لەمپەری بەردەم ئەوە بوو





کە لەگەڵ عومەرخاندا بچینە ناو گفتوگۆی سەرەکیەوە. کێ ناڵێت ئەم بێگانەیە یەکێك نیە لە مەئمورانی سیاسی شورەوی کە بەناوعەشیرەت و هۆزەکاندا بڵاوببونەوە.

دوای نانخواردن پرسیم کە هەموو ئامادەبووان لە عەشیرەتی شکاکن؟. عومەرخانیش بە بەڵێ وەڵامی دامەوە.

من ڕوونمکردەوە کە ئێمە چاودێرانی سەربازی دەوڵەتی ئەمەریکاین و دەمانەوێت لە نزیکەوە ئاشنا بین بە بارودۆخی ناوچەکە و ئومێدم خواست بتوانێت یارمەتی ئێمە بدات بۆ ئەم کارە.

لێم پرسی لە دەوڵەتی ئێستادا چ پلەیەکی هەیە. وتی" بەئەندازەیەکی تەواولە سیاسەت و سیاسەتبازی تاڵی چەشتوەو دوای چەندین ساڵ زیندانی لە زیندانی ڕەزاشادا، ئیتر خۆی خانەنشین کردوە لە هەمووجۆرە چالاکییەکی سیاسیو تەنها خوازیاری ئاشتیو ئارامییە بۆخۆی وعەشیرەتەکەی.

بەتەواوی دیاربوو بێزارە لە گفتوگۆ لەگەڵ ئێمەدا و هەوڵدەدا بە وەڵامی نادیار شەڕی ئێمە لەسەر خۆی لادات.

ئەگەرچی بەڕێزەوە خوڵقی کردین بمێنینەوە و شەو لەوێ بەسەر بەرین، بەڵام بەتەواوی ڕۆشن بوو بوونی‌ئێمە بێزارکەر بووبۆی. وەمن هەستم کرد بوونی ناوەختی ئێمە، باربێت بەسەر مەجلیسەکەیەوەو تێکدانی گفتوگۆیەك کە پێدەچێت

www.pertwk.com



لەگەڵ دیموکراتەکاندا هەیان بێت. خواحافیزیمان تاڕادەیەك مایەی ڕەنجانم بوو، چونکە لە کاتی بەجێهێشتنی ژوورەکە، بەسەر دوو تفەنگدا ڕەتبووین کە لەسەر زەوییەکە خەوێنرابوون و گوایا بەم جوڵانەوەیە کارێکی پێچەوانەی دەستوری کوردەکانمان کردووە و هەروەها کوردەکان بەشێوازێکی ئەوەندە دۆستانەش بەڕێیان نەکردین.

لە زندەشتەوە بەرەو ڕەزائیە ڕۆیشتین و بەناو گوندەکانی ئاسوریەکاندا تێپەڕین کە دەستیان ڕادەوەشاندو زەردەخەنەیان بۆ دەکردین. دیاربوو دوای ئەوەی دووساڵ بۆ یەکەمینجار ئەمەریکاییان دەبینی" سەریان سوڕمابوو .

ڕاستەوخۆ لەکاتی چوونە ناوشارەوە، چووین بۆ بارەگای فەرماندار (محەمەد تەقی رەفیعی). رەفیعی پیاوێکی کورتەباڵای دنیادیدە و موو تەنك و ڕەشتاڵە بوو.

ناوبراو ماڵ ومولکێکی زۆریهەبوو، پێشتر لە وزارەتیدارایی ئێران خزمەتی دەکردو لە سەردەمی رەزاشادا ئەندامی مەجلیس بووەو لەکاتی داگیرکاری هێزەکانی هاوپەیمانان، هاوکاری شورەوییەکان بوو، ئەوانیش لە کاتی هەڵبژاردندا پشتیوانیان لێکردووە. دوای ( کودەتای ) دیموکراتەکان ببوو بە جێنشینی سەرۆکایەتی مەجلیسی میللی ئازەربایجان.





لەسەرەتای گفتوگۆکەدا، ئەوم بە توڕەو نائارام دەبینی. جارێك کاتێ چەند ڕستەیەکم دەربارەی هەوڵەکانی ولاتەیەکگرتوەکان باسکرد بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی جەنگی جیهانیسێیەم، وتی: (هەموو ئەوانە بەستراوە بە مەیل و ئیرادەی ئێوەوە).

منیش وەڵامم دایەوە کە: (باوەڕناکەم هەموو شتێ لەبەر دەستی ئێمەدا بێت، ئێمە هەموو جۆرە هەوڵێکمان بەکارخستووە و ئیمتیازاتیشمان داوە. ئێستا ئیتر بەستراوە بە مەیل وئیرادەی دەسەڵاتدارەکانیترەوە. ئەو دەسەڵاتدارانەی پێشبینی دەکرێت تەنها مەبەستیان فراوانکردنی زەوی و بەدەستهێنانی خاکی زیاترە).

من پێم وت" ئەگەرچی میللەتی ئەمەریکا، ئارەزوومەندی ئاشتی و ئارامییە. بەڵام هەرگیز ئامادەنیە چاودێریکەری بیلایەنی دەسەڵاتداریی دوژمنان بێ بۆ زۆرداری و دەسەڵاتگرتن بەسەر جیهاندا. لەکاتی گفتوگۆدا کە بەتوندی توڕەو نیگەران بوو، بەئاشکرا بە ئامادەبوونی نان و بڕینی گفتوگۆکان" هەستی بە حەوانەوە دەکرد.

کاتێ بۆ تەلاری میوانداریی فەرماندار چووم، لەگەڵ پیاوێکی مووڕەشی کورتەباڵای چاپوك ئاشنابووم کە بەرگی جەنەڕاڵیی لەبەردابوو. زانیم ئەوە کۆلۆنیڵ ئازەرە و لەئەندامانی پێشووی ستادی گشتی سوپای ئێرانە کە پەنابەر بوو ئازەربایجان، سەرئەنجام دوای چەندین مانگ دانیشتن لە یەکێتی

www.pertwk.com



سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی سەربازیی بۆ ڕەزائیە هاتبوو.

دواتر بۆی باسكردین كە كوڕی یەكێك لە كودەتاچییەكانی ئازەربایجانی دەیەی (1920)ەو ڕۆژانی لاوییەتی لەگەڵ باوكیدا بەسەربردووە وەكو دوورخراوەیەك لە خۆراسان. ناوبراو خاوەنی تەواوی نیشانەو تایبەتمەندییەكانی كۆمۆنیستێكی سەرسەخت بوو. بەپێچەوانەی فەرماندارەوە، زۆرباش بە فەرەنسی گفتوگۆی دەكرد. هەروەها خوێندنی لە خوێندنگەیەكی سەربازی فەرەنسی گوزەراندبوو. موتالآیەكی قوڵیشیهەبوو، هەم لە بواری فەرهەنگی ئێرانیو هەم لە بواری فەرهەنگی ئەوروپاییدا. وەكو فەرماندار لە گفتوگۆكردندا، ووردەكاروخۆپارێز نەبوو. لەكاتی نانخواردن و خواردنەوەی مەشروبدا، گفتوگۆیەكی سەرنجڕاكێشم لەگەڵدا كرد.

مەسەلەیەك كە بە تایبەت بۆ من جێی بایەخ بوو، عەشقی ئەوبوو بۆ ئەدەبیاتی فارسی. ئەو دەیوت" شانامەی فیردەوسی، گەورەترین داستانە كە تائێستا داندرابێت و بەپیِ̆ی ڕای ئەو، فیردەوسی گەورەترین شاعیری ئێرانە.



نوسخەیەكی بچوكیگوڵستانی سەعدی كە لە گیرفانی لای راستی كۆتە سەربازیەكەی لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرت، هێنایە دەرەوەو نیشانیدام و وتی"



(كاتێك غەمباردەبم، گوڵستانەكەم دەردەهێنم و بە خوێندنەوەی خەمڕەوێن دەبم.)

ئەو دەیوت: (ئێمەی ئازەربایجانی خۆمان بە ئێرانی دەزانین و نەژادمان زیاتر ئێرانیە. بەلآم دەمانەوێ مافی قسە كردنمان هەبێت بە زمانی توركی، هەرچەندە ئەم زمانە لەلایەن عەشیرەتە هێرشبەرەكانی ئاسیای بچوكەوە بەسەر ئێمەدا سەپاوە).

تا ئەم بەشە، گفتوگۆكانمان سەرنجڕاكیش بوو بەتایبەتی لەگەڵ كۆلۆنیل ئازەری هۆشمەند. بەلآم كاتێك گفتوگۆی سیاسیم هێنایەئاراوە، كۆلۆنێل ئازەر هەمان ئامانج و تێڕوانینی شورەوییەكانی توتیانە بۆ دووبارە كردمەوە " پلەكانی ژیان لە وولآتە یەكگرتووەكان و جیاوازییەكانی ئێستای نێوان دیموكراسی ڕۆژئاواو بە ووتەی خۆی (( دیموكراسی)) ی ڕۆژهەلآت .

مەسەلەیەك كە بە ئاشكرا ئەو و فەرمانداری پەریشان دەكرد مەسەلەی كوردەكان بوو، من بەوانم وت كە" لەلایەن لێپرسراوانی تەورێزەوە مۆڵەتم پێدراوە تەنها تا ڕەزائیە سەفەربكەم و بەوهۆیەوە بۆم دەركەوتووە، لەو خاڵە بەدواوە لەژێر كۆنترۆڵی كوردەكاندایە . ئازەر وتی: (بەڵێ، بەوشێوەیەیە، واتا ئێستا وایە).



پێم وتن كە" بیستوومە فەرمانداری نەغەدە لە ورمێیەو پرسیم ئایا ئەو یان كوردەكانیتری شارەكە پلەودەسەلآتیان هەیە؟.

www.pertwk.com



ئەو بەکورتی وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوەو تەنها بەمشێوەیە وەڵامەکەی تەواوکرد کە" لە ڕاستیدا ژمارەیەك لە کوردەکان لە شارەکەدان.

دواتر لەگەڵ فەرمانداردا بەزمانی تورکی دەستیبە گفتوگۆ کرد، ئەوان باشی دەیانزانی ئێمە تورکی نازانین .

گفتوگۆکانی ئەو شەوە، بەبێ ئەوەی بەئەنجامێك بگەین کۆتایی هات و پێش ئەوەی بۆ شوێنی نووستن بڕۆین، قاراپتی بە ئێمەی وت" ئاگاداری پەیوەندی میوانداریی بووە لەگەڵ کونسوڵی شورەوی – پێدەچێت بۆ وەرگرتنی فەرمان بووبێت–. ڕەنگیشە مەبەستی سەرەکی بانگهێشتکردنی شورەوییەکان بووبێت بۆ مەجلیسی نانخواردن، چونکە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دوو کورسی بەتاڵی لێبوو.

ڕۆژیدواتر، فەرماندار و کۆلۆنیڵ بە هەوڵدانێکیدۆستانە تێدەکۆشان بۆنیشتەجێ بوونم لە ڕەزائیە. بەڵام کاتێك پێم وتن کە" بریارم داوە درێژە بەسەفەرەکەم بدەم، کۆلۆنیڵ بەتایبەتی بە ئوتومبێلەکەیەوە تا ( بالانش ) لەگەڵمان هات کە نزیکەی لە پانزە میللی باشوری شارەکەدایە. لەوێ خواحافیزیمان لێکردو بەبێ هیچ ڕووداوێك بە پاسگایەکی پشکنینی کوردەکاندا تێپەڕین. فەرماندارانی نیشتەجێی پاسگاکە، سەربازی جلوبەرگ یونیفۆرمی رەنگ و ڕوو ڕۆیشتووی بەکارهاتوو بوون کەلە هۆزی هەرکی بوون بە ڕێبەری





زێرۆبەگ و لەوێ جێگیر ببون. لە درێژەی ڕێگەکەمان بەرەو باشور، بە پاسگایەکی پشکنینیتردا تێپەڕین کە دەکەوتە کەناری دەریاچەکەوە و دواتر بۆلای ڕۆژئاواو بەرەو سنوری عێراق سوڕاین، بەمەبەستی سەردانی هۆزی مامەش کە لەوسەردەمەدا لەگەڵ قازی محەمەد ناکۆکیان هەبوو.

کاتێك گەیشتینە چوار ڕێی شاری نەغەدە ناچاربووین بۆ بەنزین تێکردن رابوەستین. لەبەردەممان ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری کۆمپانیای هەڵگرتن و گواستنەوەی (ئێران–شورەوی) ڕاوەستابوو. شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە هاتەوەخوارەو هات بۆلامان. پیاوێکی کەڵەگەتی بەدقیافە بوو کە دواتر زانیمان ئاسورییەو ناوی (( جۆرج ))ە وخاوەنی گەراجی مەحەللیو سەرەڕای ئەوەش ئەنجامدەری دوو کاری تاوانە و بەهۆی بوونی پشتیوانی شورەوییەکان لە سزا بەخشرابوو. دوای ئەوەی بەشێوەیەکی دووژمنانە سەیری کردین، بە ناکامییەوە هەوڵیدا لەگەڵ کاراپتیدا بە زمانی ڕووسی گفتوگۆ بکات. ڕووی کردە چەند پۆلیسێك کە نزیکمانەوە ڕاوەستابوون و وتی: (مۆڵەتی تێپەڕینیان مەدەنێ، بیان بەن بۆ بنکەی پۆلیس).

ئەوان، ئێمەیان بۆ ژوورێکی ژێر زەمینی گەورە برد کە دیاربوو مەکتەبی سەرۆکی پۆلیس بوو. دیوارەکانی ژوورەکە، بە وێنەی ستالین و مۆلۆتۆف و جوتێك بازنە و نەخشەیەکی بچوك ڕازینرابۆوە.

www.pertwk.com



ئێمەیان بەتەنیا لەو ژوورەدا بەجێهێشت و ڕۆیشتن، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی هاتینە دەرەوەو بەرەو جێبەکەمان ڕۆیشتین. پاشماوەیەك کوردەکان گەمارۆیان داین و ئێمەش خۆمان تووڕە کردبوو.

کوردێکی بەهەیکەل لەگەڵ کەسێکیتردا لەناو کۆمەڵەکەدا هاتەپێشەوەو وتی" دەیەوێت ئێمە دەعوەت بکات بۆ نانخواردن لەگەڵ فەرماندار سەید ئەحمەد ( برای پوشو). سەید ئەحمەد لە شار نەبوو بەلاَم لاوە کوردەکە وتی کە" تەلەفۆن بۆ ماڵی سەیدئەحمەد دەکات و داوا لەماڵەوەیان دەکا خواردنمان بۆئامادە بکەن. وتم" ئێمە ناتوانین دەعوەتەکەی قبوڵ بکەین، چونکە ئێمە زیندانین.

کوردەکە وتی: (لەخزمەتتاندایە، ئێوە میوانی ئێمەن.)

وتم: (باشە، سوپاستان دەکەین، ئەگەر میوانتانین دەمانەوێت بۆ مەهاباد بڕۆین.)

وتی: (نەخێر، ئەمە لەتواناداا نیە. تکایە لەگەڵم وەرە بۆ ماڵی سەیدئەحمەد.)

وتم: (ڕێوڕەسمی میوانداری ئێوە وەکوئەوانیتر" نیە. تا ئەم دواییە کە لەبەغداد دەژیام، ئەوان لەگەڵمدا زۆر میهرەبان بوون. عەرەبەکانیئەویَ بە منیان دەوت کە" کوردەکان بەدن و شەرەفیان نیە، ئەو کاتە باوەڕم بە قسەکانیان نەدەکرد، بەلاَم ئێستا زانیم کە وایە.)





ئەم قسانە بەتوندی کوردەکانی نارەحەت کرد، کوردێکی گەورەی کەڵەگەت خەریك بوو یەکسەر دەستبکات بەگریان.

دوای قسەکانم، گفتوگۆکراو ئەوان پابەندیی خۆیان بەدابونەریتی دێرینەی میوانداریی رۆژهەلاَتنشینانیان دووپاتکردەوە. پاشان پیاوێکی پێستڕەش کە یونیفۆرمێکی کۆلۆنێڵی سوپای ڕووسیای لەبەردابوو، هاتەپێشەوەو بەزمانێکی شیرین خۆی بە سەرۆکی پۆلیس ناساند. وتی کە" ئێمە ئازادین بۆهەرکوێیەك بمانەوێ بڕۆین، هەرشوێنێك بێت جگە لە مەهاباد. بۆ چوون بۆ مەهاباد پێویستە مۆڵەت وەربگرین.

پرسیم: (دەتوانین لە ڕێگای ڕۆژئاواوە بڕۆینەپێش؟)، هێشتا ئومێدەوار بووم بتوانم یەکێ لە هۆزەکانی ناوچەکە ببینم.

وەلاَمی دامەوە: (بێگومان، بەلاَم فەرمانمان پێکراوە بەهۆی نائارامی ڕێگا، پۆلیسی پارێزگاریتان لەگەڵ بخەم). لەبەرئەوەی ببوو بە گرفت کە بتوانم سەردانی هۆزی سەرپێچیکەری (مامەش) بکەم، پیشنیازی ڕۆیشتنم کرد بۆ شاری ( شنۆ) و لەلایەن سەرۆکی پۆلیسەوە قبوڵ کرا و هەروەها وا خۆمان دەرخست کە تکای لێبوردنە زۆرەکەیان، ئێمەی ئارام کردۆتەوەو ئەوەندە تووڕەییەکەی کەمکردووینەتەوە کە بتوانین دەعوەتی خواردنەوەی چا و نانخواردن لە ماڵیسەید ئەحمەد" قبوڵ بکەین.

www.pertwk.com



لەماوەی سەفەرەکەدا، یەکێك لەخزمەتکارەکانی سەیدئەحمەد کە لەگەڵماندابوو، داوای لێبوردنی لە ئێمە کرد بەهۆی“ (ڕەفتاری نادروست)ی هاوسەنگەرەکانی.

بەدرێژایی ڕێگای شنۆ، چەندین پیاو و کوڕی لاوی کراس ڕەشیکاڵی تایبەت بە هۆزی بارزانیەکانم بینی.

لەکاتی چوونە ناوشاردا، بەناو بازاڕی سەرداپۆشراوی تاریکدا تێپەڕین و چەندین پیاو بەجامانەو پشتێنی ماشی ڕەنگی پێشمەرگەییەوە تفەنگەکانیان وەکو ڕێزلێنان بۆ پێشەوە چەماندەوە. ئەوان ئێمەیان دەعوەتکرد لەگەڵ موساخانی سەرۆکی هۆزی زەرزا کە سەرۆکی شارەوانیش بوو“ یەکتر ببینین.

موساخان پیرەمێردێکی چالاك بوو و ددانەکانی زۆربەی ئاڵتون بوو، بەحوکمی میوانداریمان ناچاری کردین نان لە ماڵەکەیدا بخۆین. لەگەڵ ئەوەشدا ناچاربووین بۆ نەغەدە بگەڕێینەوە و نان لە ماڵی سەیدئەحمەد بخۆین. لە ماڵی سەیدئەحمەد، هاوسەرو دایکی میوانداریيان کردین.

سەرئەنجام، لەکاتێکدا کە دوای دوو دەعوەتی نانخواردن تێر ببووین، مۆڵەتی سەفەرم بۆمەهاباد وەرگرت.

شاری مەهاباد پڕ بوولە کوردان و هەموویان جلوبەرگی ناوچەییان لەبەردابوو. ئێمەیان





ڕێنمایيکرد بۆ بینای شارەوانی و لەگەڵ مەئمورانی ناوچەکە ئاشنابووم. ئەوان پێیان وتین کە“ قازیمحەمەد، ئێمە بۆلای خۆی بانگهێشت دەکات .

ئەو شەوە مەئمورانی شارەوانی، ئێمەیان بۆ نانخواردن دەعوەتکردو بەرپرسی ڕاگەیاندن (سادق حەیدەری)یش لەلامان بوو. ناوبراو پیاوێکی ڕووخۆش بوو و تەنها وەزیری کابینەکە بوو کە بەخواردنەوەی مەشروباتی ئەلکهولی بەناوبانگ بوو و ئەفسەری هاوسەفەری منیش، بەکەمالی مەیلەوە هاوڕێیەتی ئێمەیان کرد بۆ نۆشینی چەند پەرداخێك ڤۆدکا.

یەکەم ساتی ڕۆژیدوایی، ڕێنماییان کردین بۆ بینایەك کە دیاربوو سەردەمانێك لەلایەن ڕووسەکانەوە وەکو بارەگای فەرماندەیی بۆ سوپای ساوایمەهاباد بەکاردەهێنرا. دیوارەکانی ئەم بینایە پڕبوو لە بڵاوکراوەی کۆمۆنیستی و وێنەی ڕێبەرانی شورەوی.

لەکاتی چوونم بۆمەکتەبی قازیمحەمەد، ناوبراو لە پشت مێزەکەی بوو و منیش لەپەنا نەخشەیەکی مەزنی کوردستانی گەورەدا“ دانیشتم .

قازی محەمەد“ پیاوێکی کورتەباڵای دنیادیدە بوو و کوتێکی سەربازیی بەکارهاتووی لەبەردابوو. ڕیشێکی تەنکی کەم مووی لەملاولەولای دەموچاوی ڕەنگپەڕیوی زاهیدانەیەوە“ هەبوو.

www.pertwk.com



ئەو دواتر بە ئێمەی وت کە" بەهۆی ئازاری زۆری گەدەیەوە ڕەنجدەکیشێو کەمێك خواردن دەخوات جگە لە ماست.

دوای ئەوەی بۆم شیکردەوە ئێمە کێین ومەبەستمان چییە، پارچەیەك کاغەزی لەسەر ڕووی مێزەکەی هەڵگرت و وتەیەکی پێشتر ئامادەکراوی بەزمانی فارسی بۆ خوێندینەوە. وشەکانی بەتەواوی ڕوون و دەنگیهێدی بوو، لەکاتی خوێندنەوەدا هەندێجار بە چاوەکانی سەیرێکیئێمەی دەکرد.

من وەڵامم دایەوە کە" (وڵاتەیەکگرتووەکان، هەمیشە لایەنگری ئازادیو مافی مرۆڤ بووە بۆ هەموو ئادەمیزاد و ئێمە ئومێدەوارین ڕۆژێك تەواوی دانیشتوانی جیهان ئامانجەکانیخۆیان بەدەستبهێنن. ئێمە هاتووین بۆ کوردستان تا لەبارودۆخی کوردەکان بکۆڵینەوەو بەدەوڵەتمانی ڕابگەیەنین و ئومێدەوارین بارودۆخی کوردەکان باشتر بێت و کوردەکان دیکتاتۆرێك بەدیکتاتۆرییەکیدیکە" نەگۆڕن).

قازی محەمەد وتی: (تەواوی هاوڵاتیان لەو بەشانەی وڵاتدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی مندایە، لە ڕاگەیاندن و نوسینی ئەوەی کە دەیانەویت" ئازادن).

منیش وەڵامم دایەوە: (خۆم بەچاو بینیم کە وایە، لە ئازەربایجان هاووڵاتیان تەنها مۆڵەتی ئەوەیان هەیە گوێ لەڕادیۆی تەورێزو ڕادیۆی مۆسکۆ بگرن. بەڵام





دوێنی شەو لە خیابانەکانی ئەم شارە (مەهاباد)، دەنگی ڕادیۆی لەندەن و ڕادیۆی ئەنقەرەم دەبیست).

قازی محەمەد دیاربوو کە بەم قسانە خۆشحاڵ بوو، وتی: بارودۆخی تەوریز بەتەواوی لە مەهاباد جیاوازە. بەڵام کاتێك گرفتەکانی ئێمەی زانی لە سنوری قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەیدا، شادی لە دەموچاویدا نەماو هەروەها کاتێك پێم وت دووچاری سەرسوڕمان بووم لەوەی دەبینم بارەگای فەرماندەیی ئەو، بەپۆستەرەکانی تەبلیغاتی شورەوی داپۆشراوە .

وتی: (کوردەکان ناچارن کۆمەك لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت" قبوڵیبکەن، بەڵام ناچنە ژێرباری دەسەڵاتی هیچ کەسێك. ئێمەی کورد، سکاڵایەکمان بەرزکردەوە لەسەر بنەمای شکاتکردن لە سێدەوڵەتی سەرکەوتووی بەشداربوو لە کۆنفرانسێکی ئەوروپایی ( پۆتسدام )، بەڵام بەریتانیاو ئەمەریکا ئاوڕییان لێنەدایەوە.)

ئەو بە ئاماژەکردن بۆ ڕاگەیاندنی ئەتلانتیك، وتی" هەموو کوردەکان ئومێدەواربوون کە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا (پێشکەوتووترین میللەتی جیهان) یارمەتی کورد بدات بۆ زاڵبوون بەسەر دواکەوتووییەکەیاندا.

ناوبراو وتی: ((ئەگەر ئەمەریکا لەجیاتی ناردنی شەست هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنها سەد مامۆستایان بۆ ئەم وڵاتە بناردایە چ دەبوو؟ بەڵام ئەمەریکاییەکان لەبری یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتی

www.pertwk.com



دوژمنانی ئێمەیان دا. بۆ نمونە یارمەتی تورکەکانتان دا لەڕێی پێدانی چەك و کەلوپەلەوە بەوان" بۆ سەرکوتکردنی کوردەکانی ئێمە)) .

دواتر وتارێکی کورتیدا بۆ سەرزەنشتکردنی ئینگلیزەکان و کارە جۆراوجۆرەکانی ئەوانی بژارد کە بەدرێژایی دەیەکانی رابردوو بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کورد کردوویانەو باسەکەی بە بەسەرهاتی مەلامستەفا کۆتایی پێهێنا. لەلایەکیترەوە سەبارەت بە فەرەنسییەکان، ڕوانینێکی پۆزەتیڤی هەبوو، ئەو فەرەنسییانەی یارمەتی(کوردەکانی سوریا)یان دابوو.

دواتر بیستم (ناپلیۆن ژۆکل) کە یەکێکە لە هەواڵنێرانی فرانس پریس و بیروباوەڕێکی چەپیشی هەیە، لەم دواییەدا سەفەرێکی بۆ مەهاباد کردوەو دوای ئەم سەفەرە، زنجیرە وتارێکی بۆ بەرگریکردن لە کوردەکان لە چاپەمەنیەکانی فەرەنسادا چاپکردووە.

قازی محەمەد، پاشان دەربارەی چالاکی ناسیۆنالیستی لە وولاتانی دراوسێدا" دوا . بەڵام کاتێك دەربارەی مەلامستەفا کەبەوە ناسرا بوو دەیەوێت بۆ عێراق بگەڕێتەوە، پرسیارم لێکرد. خۆی لە وەڵامی ڕاستەوخۆ لادا و هەندێ شتیتری دەربارەی گفتوگۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا باسکردو وتی کە" مەلامستەفا ئازادە هەرکاتێك بیەوێت بۆ عێراق بگەڕێتەوە. کاتێکیش ئارەزوومەندیم دەرخست





بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلامەستەفا یان لانیکەم لەگەڵ هەندێ لە ئەفسەرە عێراقییەکانی کەلە گەڵیدایە، وەڵامی نەبوو.

قازیمحەمەد، دواتر دەربارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و پێشنیازی ئوستانی کوردستانی گەورە" دوا. ئەو سوربوو لەوەی کە ئارەزومەندی ئەم پێشنیازە خودی دەوڵەتی مەرکەزی بووە و وتی: (دوای گفتوگۆ لەگەڵ من ودکتۆرجاڤید، بڕیاریدا بۆقبوڵکردنی ئەم پێشنیازە).

ناوبراو وتی" حیزبی دیموکراتی کوردستان تائێستا بڕیارینەداوە کە ئایا بڕیاری قەوام بۆ پەیوەستبوون بە حیزبینوێی دیموکراتی ئێرانەوە پەسەند بکات یان نا. هەروەها ئەو ئاماژەی کرد بۆ ئەو کێشە و دەردەسەریانەی عەشیرەتە ناڕازییەکان دروستیان کردووە و گفتوگۆکەی بە ئاشکراکردنی ڕوانینێکی گشتیانە کۆتایی پێهینا دەربارەی سەرکوتکردنی کوردەکان لەلایەن ڕەزاشاوە.

دوای گفتوگۆ لەگەڵ قازیدا، گشتوگوزارێکمان بەناوشاردا کرد. هەلێکی ئەوتۆم دەستنەکەوت بۆ دواندنی هاوڵاتیان بەگشتی، چونکە لەهەموو ماوەی مانەوەم لە مەهاباد، بەلایەنیکەمەوە یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵماندا بوو و ئێمە بەکەسێکیتر ئاشنانەبووین لە دەرەوەی ئەم بازنە سنوردارەدا.

www.pertwk.com



بەڵام شوفێرە ئەرمەنیەکەی ئێمە کە ئازادانە بەناو شاردا گەڕابوو، باسیکرد کە لەسەرەتاوە دانیشتوانی شار وایانزانیبوو ئێمە ڕووسین و پرسیبوویان بۆچی ڕووسەکان دووبارە گەڕاونەتەوە. کاتێك بەوانی وتبوو ئێمە ئەمەریکین، خۆشحاڵ ببوون و هیوایان خواستبوو ئەمەریکیەکان باشتر کورد بناسن. ئەگەرچی هەندێکیشیان سەبارەت بە مەرامی دیداری دوو ئەفسەری سوپای ئەمەریکا" گومانیان دەربڕی بوو.[73]

بەشێوەیەکی گشتی، هاولاَتیان لە قازی محەمەد ڕازی بوون و دەیان وت کە" دەوڵەتی قازی محەمەد دوای دەورانی ڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بووەو تەنها نیگەرانی ئەوان سەبارەت بە بەردەوامی ئەم دەوڵەتەیە.

من لە ڕاپۆرتەکەمدا، ڕوانینی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی کە لە ماوەی نیشتەجێبوونی کورتمان لە مەهابادا دەریان بڕیبوو" کۆمکردەوە.

کوردەکان لە شورەوییەکان مەمنون بوون کە سەربەخۆییان بۆ فەراهەم کردبوون. بەڵام پاڵپشتیشیان لە دەستێوەرنەدانی شورەوییەکان دەکرد لە کاروباری نیشتمانەکەیان و نەبوونی مەئمورانی شورەوی لە شارەکەیاندا. (زۆربەی ئەم کەسانە لە خانەدانانی کۆنبوون و پێناچێت مەیلیان بۆ کۆمۆنیزم هەبێت).



ئەوان خۆیان بە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕی– بەڵام شۆڕشێکی سۆشیالیستی – دەزانن. دەیان وت" ئومێدەوارین حکومەتەکەیان تا ئەو ئەندازە فراوان بکەن کە تەواوی ناوچە کوردنشینەکان بگرێتەخۆ. ئەم ناوچانە بریتین لە شوێنەکانی باشوری ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێران و تەنانەت شوێنی دانیشتنی لوڕو بەختیاریەکانیش کە خۆیان بەکورد نەدەژمارد[74]. لەلای باکوری کوردستانی گەورەوە بریتیە لەبەشێك لە ئازەربایجان و لەباشور و ڕۆژهەلاتیشییەوە بریتییە لە دەریاچەی ڕەزائیە تادەگاتە سنوری شورەوی.

ئەندامانی کۆمیتەیناوەندی سەبارەت بە بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازانی ئێرانی لە ناوچەی باشوردا، زۆر نیگەران بوون و بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەم ئەندامانە، ئاماژەی بۆ پلانی داڕێژراوی دەوڵەتی مەرکەزی کرد بەهاوکاری هەندێك لە هۆزەکان.

لە سپێدەی زووی شانزەی ئەیلولدا، سەردانی چاپخانەی مەهابادم کرد کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (کوردستان) و ژمارەیەکیتر لە گۆڤاری کەم تیراژی بە زمانی کوردی لێبلاودەکرایەوە.

زمانی کوردی بەکورتی پێکهاتووە لە دوو شێوەزار" یەکەمیان شێوەزاری ( زازا )یە کە" شێوەزاری کوردەکانی سوریاو تورکیاو ناوچەکانی باکوری عێراق و هۆزی هەرکیو شکاك و کوردەکانی

www.pertwk.com



باکوری ئێران لەخۆدەگرێت. بەدرخانیەکان شێوازی نوسینیان داهێنا بەسودوەرگرتن لە ئەلفوبێی ڕۆمی بۆ شێوەزارەکەی خۆیان کە لە سوریا بەکاردەهێنرێت. شێوەزارەکەیتر کەزاری زۆربەی کوردەکانی عێراق و ئێرانە و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شێوەزاری یەکەمدا هەیە" شێوەزاری کرمانجییە.

نوسینی ئەم شێوەزارە، بەجۆرێك لە ئەلفوبێی عەرەبی ڕیفۆرمکراو تەماشا دەکرێت. ئەم شێوەنوسینە، سود لە پیتی دەنگدار وەردەگرێت و ئەم شێوەزارە بەکادەهێنرێت بۆ ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی کە لە" مەهاباد، بەغداد، سلێمانی بڵاودەکرێتەوە.

بەڕێوەبەری چاپخانە، ئامێری چاپەکەیانی پێنیشان داین کە لە جۆری ڕوتاری و دیاربوو بەرهەمی ڕووسیا بوو. ئەگەرچی هەندێك لە پارچەکانی لەمارکەی دانیمارك یا چیکۆسلۆفاك بوو. ئێمە نوسخەیەك لە تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)مان لەسەرەتای دەرچونییەوە، وەرگرت و هەروەها لەگەل أچەندین گۆڤارو چەندین دیوانی شیعر کە بەخشیم بەبەرپرسی هەواڵگری. ( هەندێك لەم نوسخانەم دا بەکتێبخانەی کوردی شاری نیویۆرك —ئارچی—).

ماوەیەکیکەم دوای ئاگاداربوونی کوردەکان لەمەبەستی هاتنمان، هاتن بە شوێنماندا چونکە قازی





محەمەد ئێمەی بۆ نانخواردن دەعوەتکردبوو. بەمشێوەیە ناچاربووین ڕۆیشتنەکەمان بۆ پاشنیوەڕۆ دوابخەین. نزیکەی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ئێمە دووبارە لەگەڵ قازی محەمەد لە مەکتەبەکەیدا، قسەمان کرد و ئەمجارە گفتوگۆکەمان زیاتر لەدەوری مەسەلەی رۆشنبیریدا بوو.

وتی: (خۆشحاڵم کە تۆ نوسخەت لە بڵاوکراوەکانمان وەرگرتووە، چونکە حەزدەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شتێ دەربارەی کوردستان بزانن. من شتێکم نیە کە بیشارمەوە). منیش وتم :(ئەگەروایە، بۆچی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندتان دواژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی لە ئێمە وەرگرتەوە؟).

قازی نوسخەیەکی لەو ژمارەیە هەڵگرت و مانشێتێکینیشاندام کە پەیوەندیداربوو بەئەنجومەنی ئەیالەتی کوردستان و وتی: (ئەمە هەڵەیەکە کە زۆر تورەی کردووم. ئەیالەتی کوردستانی بوونی نیە، ئێمە بەشێکین لە ئازەربایجان و من نامەوێت ئەو نوسخانەی ئەم هەڵەیەی تێدایە" بڵاوببێتەوە.)

ئەم خاڵەش، بەتەواوی نیشاندەری سیاسەتیئەوبوو. پلەی ئەو" (پێشەوا) بوو کە بەواتای ڕێبەرو بەرپرسانی وەزارەتەکانیش بە (سەرۆك) ناودەبرێن نەك بە وەزیر.

قازی محەمەد بەوشێوەیەی کە بەڵگەکان دەریاندەخست، هێشتا خۆی بە کاربەدەستێکی

www.pertwk.com



ئێرانی دەژمێرێت و ئامانجی ئێستای" بەئاشکرا بەدەستهێنانی خودموختاری بوو لە ناوخۆی سنورەکانیئێراندا. جەختیدەکردەوە کە کوردەکان و ئێرانییەکان نەتەوەی خزمن و دەربارەی بنەچەی کوردەکانیش کە سور بوو لەسەر ئەوەی لە نەوەی مادەکانن" قسەی بۆ کردین.

لەکۆتاییدا نانمان لەگەڵ قازی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خواردو وەکو ئیمتیازێکی تایبەتی، ڤۆدکایەکی گیراوەی نایابیش ئامادەکرابوو، ئەگەرچی تەنها یەك دووکەس لە میواندارانمان" لەگەڵ ئێمەدا نۆشیان کرد.

سەرئەنجام" نزیکەی سەعات (3,30) ی پاشنیوەڕۆ لەگەڵ کوردێکی کەڵەگەتی خەڵکی مەهاباد وەکو چاوساغ، بەڕێکەوتین و دوای تێپەڕبوون بەڕێگایەکی کوێستانی سەختدا، بەناو بۆکاندا تێپەڕین. کاتێك گەیشتینە بەرەی شەڕ، هەوا بە تەواوی تاریك ببوو، لەناکاو چاوساغەکەمان هاواریکرد (ڕاوەستن ). و لەهەمان کاتدا سێ بارزانی چەکدار بەرەولامان ڕایانکرد. ئێمەیان بۆ بینینی ئەمیرخانی فەرماندەیان برد کە بارزانییەکی کەڵەگەت بوو.

ئەمیرخان سەرەتا سور بوو لەسەر ئەوەی لەبەرئەوەی مۆڵەتنامەیەکی نوسراومان لەلایەن پێشەواوە پێنیە، ناتوانن بڕۆن. بەڵام سەرئەنجام





ڕازی بوو بۆ ئێمە جیاواز بێت و بە زەردەخەنەیەکی گەرم وتۆقەیەکی دۆستانە" بەڕێی کردین.

چەند میلێك لەولاتر، تووشی بازگەیەکیتر بووین لەسەر ڕێگاکە. دوای ماوەیەك بانگکردن و هۆڕن لێدانی ئۆتۆمبێلەکەمان، سەروکەڵلەی دوو سەربازی ئێرانی پەیابوو کە لە تەپۆلکەکەوە بۆ خوارەوە ڕایاندەکرد. یەکێکیان قەڵەم و کاغەزێکی پێبوو، سەربازەکان ناوی ئێمەیان نووسیو پرسیاریان لە ژمارەی تفەنگەکانمان کرد، منیش لەخۆمەوە چوار ژمارەم دانێ.

لە سەقز، شەوم لەگەڵ جەنەڕاڵ همایۆنیدا بەسەربرد و ئارەزوومەندبوو ڕوانینی ڕێبەرانی مەهاباد بزانێت سەبارەت بە هۆزە ناڕازیەکان کە ناکۆکیان لەگەڵ قازیمحەمەد، بۆ ئەو جێی بایەخ بوو.

همایۆنی وتی" سەرۆك هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕو نوێنەرانی گەوران، ڕۆژی پێشوو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەودا هەبووەو داوای چەك و کۆمەکیان لەو کردووە.

لە کۆتایی سەردانەکەمدا، ئیتر باوەڕم بەوە کردبوو کە قازیمحەمەد بە هاوکاری شورەوی توانیویەتی کۆمارێکی کوردی سەربەخۆی راستەقینە دابمەزرێنێت. قازیمحەمەد ئەگەرچی بەچاوی باشترین دۆست سەیری شورەوی دەکرد، بەڵام شورەوییەکان بە ئاشکرا دەستیان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەرنەدەدا.

www.pertwk.com



شۆڕشی قازی محەمەد، شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی بوو نەك شۆڕشێکی کۆمۆنیستی و لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاوی کوردەکانی دانیشتوی وولاّتانیترەوە پەسەنکرا بوو. بەڵام سەرەڕای ئەم خەسڵەتانەش، هۆزێکی زۆری کوردەکانیئێران یان لەگەڵیدا ناکۆك بوون یان سەبارەت بە شۆڕشەکەی کەمتەرخەم بوون. عومەرخان دوو هەفتە دوای دیداری من لە زندەشت و لەکاتی ئەنجامدانی کردەیەکدا، بەئاشکرا ئەم ڕاستیەی بەکەم گرتبوو. کردەیەك کە پێدەچێت لەکاتی بوونی ناوەختی ئێمەدا، سەرگەرمی بەرنامەڕێژی بووبن.

ڕۆژی (27)ی ئەیلول ناوبراو بەناردنی دوایاداشتێك، بەفەرمانداری دیموکراتی شاپوری ڕاگەیاند کە لەکاتی بریارنەدانی دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ بەدواداچوونی پڕوپاگەندەی کوردەکان، ڕۆژی (30)ی ئەیلول بەزۆر شار داگیردەکات. بەڵام دەستتێوەردانی کونسوڵیشورەوی ( هاشمۆڤ ) و ئەو هەڕەشانەی کرا بۆ ترساندنیان بە گەڕاندنەوەی سوپای سور، عومەرخانی لەجێبەجێکردنی هەڕەشەکەی پەشیمانکردەوە. هەمان ڕۆژ (جۆری دوهەر)ی کونسوڵی ئەمەریکا لە تەورێز، نامەیەکی لە عومەرخانەوە بۆ هات کە بێدات بە قەوام. لەنامەکەدا، عومەرخان وەفاداری خۆی بۆ دەوڵەتی ناوەندی ئاشکرا کردبوو.





دیاربوو بزوێنەری ئەم کارەی عومەرخان، فلیمێك بوو کەلەماوەی گفتوگۆکانیدا لە شاپور، لەلایەن شورەوییەکانەوە بۆ ئەو نمایش کرابوو. فلیمەکە دەربارەی شۆڕشی جوتیاران بوو کە ئاگر بەربدرێتە بینای ئاغایەك لەلایەن ئەوانەوەو دامەزراندنی کۆمۆنێکی شۆڕشگێڕی بوو.

عومەرخان لەگەڕانەوەیدا بۆ زندەشت، لە دیدارێکدا لەگەڵ ئەندامانی هۆزەکەی کە هەموویان ئامادەبوون، بەقورئان سوێندی خوارد کە“ (دیموکراتەکان وەدەربنێت).

لەوسەردەمەدا، هۆزەکان و پێدەچێت کەسانیتریش لە ئازەربایجان ،هەستیان کردبێت با لەکام لاوە دێت. چونکە هێزی دەرککردنیان گەشەیەکی زیاتری کردبوو، دوای سەدان ساڵ تەقەلا بۆ مانەوەیان لەناو کۆمەڵگا دەسەلاّتدارەکاندا. شورەوییەکان دەستیان لە ئازەربایجان کێشابۆوە و پلانی سنورشکێنانەیان بۆکۆنترۆڵکردنی تورکیا و یۆنان و ئێران فەرامۆش کردبوو بەهۆی ناڕازی بوونی سەرسەختانەی ئەمەریکا. ئەم واقیعەش بەرلەوەی ئێمە لەمبارەییەوە بێگومان بین، ئەندامانی هۆزەکان بەیارمەتی هەستی شەشەم زانیبوویان.

لەکۆتایی تشرینییەکەمدا، ئیتر دیار بوو دەوڵەتی ئێران بەمەبەستی (چاودێری هەڵبژاردن) بڕیاری داوە هێزی خۆی بۆ ئازەربایجان بنێرێت. هێزەکانی ئێران، وەك یەکەمین هەنگاو زنجانیان داگیرکرد.

www.pertwk.com



ڕۆژی (5)ی کانونی‌یەکـــــەم، قازی‌محەمـــــەد و هاوکارە بەرجەستەکانی کۆبوونەوە و بڕیاری بەرگری چـــەکدارانەیان دا. بـــەڵام ڕۆژی دواتـــر، بـــرای قازی‌محەمـەد واتـا سـەدری‌قازی نـەیتوانی قەناعـەت بـەحیزب وسـەرۆك هۆزەکـان بکـات کـە سـوپای ئێـران بەڕاستی خاوەنی هەمان ئەو سوکایەتی و شکاندنەیە کـە کوردەکـان دابویانـە پـاڵی. ئاشـکرایە کوردەکـان پەندیان لەگۆڕانکارییەکانی ئازەربایجان وەرگرتبوو.

بەپێشـــڕەوی ســـوپای‌ئێران لـــە تەنگـــەکانی قافلانکـێو، هێزەکـانی دیمـوکرات و تـەواوی بونیـادی دەوڵەتی ئازەربایجان" لە ماوەیەکی کورتـدا هەڵـوەشا. قازی محەمەدو پەیڕەوانی، زانیان کە گەمە تـەواوبووە . هۆزەکـانی شـکاك و هـەرکی بە فـەرمان و بەحـەز" بۆ هێرشکردنە سەر دیموکراتەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ڕەزائیە، چوونەپاڵ هێزەکانی ناوەندییەوە.



بارزانیـــــەکان بۆکانیـــــان بەجێ‌هێشـــــت و ماوەیـــەکی‌کورت دوای ئـــەوەی جەنـــەراڵ همـــایۆنی ســـەرگەرمی ڕێبـــەری هێرشـــەکان بـــوو لـــە میانـــدواو، کـوردە وەفـاداره پاشماوەکـان نـە توانـای جـەنگیان هەبوو و نەدەیانتوانی خۆیان بە هەڵاتن ڕازی بکەن و لەم ڕووەوە تەنها ڕێی ڕزگاربوون، واتا تەسلیمبوونی بەشەرەفانەیان هەڵبـژارد. لەم ڕووەوە، ڕۆژی (13)ی کانونی‌یەکـــــەم، قازی‌محەمـــــەد و ســــەدری‌قازی و سـەیفی‌قازی" تەسلیمنامەی خۆیـان بەدەسـتی خۆیـان تەسـلیمی جەنـەڕاڵ همایۆنیـان کـرد لـە میانـدواو.



ئەگەرچـی جەنـــەراڵ همـــایۆنی یـــەك دوو پرســـیاری پێکهـاتوو لـە وەفـاداری قـازی سـەبارەت بـە دەوڵـەتی ناوەندی لـێ‌پرسی، بـەڵام هەڵسوکەوتی لەگـەڵ قازی، بـە داد و بەرەوشـتانە بـوو، بەهـەمان شـێوەی کـە لـێی چاوەڕوان دەکرا.

ئـەو بـەڕای قازی‌محەمـەد ڕازیبـوو کـە واباشـترە مـەهاباد بـەبێ خوێنڕێـژیی لەلایـەن سـوپای‌ئێرانەوە داگیربکرێت. و بارزانیـەکانیش – کـە تائەوکاتـە تـەنها هێزی بەرگریکەری شاربوون– بەرکەنار بکرێن.

قازی‌محەمـەد بـۆ بەدواداچـوونی بەشـی کۆتـایی، واتا ئەرکی بەرکـەنارکردنی بارزانیـەکانی گرتەئەستۆ. مۆڵـــەت درا بەهەرســـێ قـــازی، بۆجێبـــەجێ‌کردنی بەڵێنەکانیان" بگەڕێنەوە بۆ مەهاباد.

قازی‌محەمەد دوای گەڕانەوەی بۆ مـەهاباد، توانی سـەرهەنگی‌دووەم ( غفـاری ) کـە ڕێبـەری کـوردە دژە بارزانییەکانی دەکرد" بەرەو شار رابگرێ. هاوکاتیش بە بەرکـەنارکردنی بارزانییـەکان بۆ نەغـەدە، درێـژە بە ڕۆڵەکـەی بـدات. سـوپای ئێـران لـەکاتی چـوونە نـاو مـــەهابادەوە، بەگـــەرمی پێشـــوازی لێکـــراو دیـــداری تەشـریفاتی و بیروڕا لـە نێـوان فەرمانـدەکانی سـوپای ئێران و قازی محەمەددا" ئاڵوگۆڕکرا .



دوو ڕۆژ دواتـــر، قازی‌محەمـــەدو ســـەیفی‌قازی‌و ژمارەیـەك لـە ڕێبـەرانی دەوڵەتەکـەی دەسـتگیرکران. سەدری‌قازی بۆ تاران گەڕابۆوە، دیاربوو بەو ئومێدەی

www.pertwk.com



کە لە پلەی نوێنەرایەتی مەجلیسدا لە ئاسایشی زیاتردایە.

لەم نێوانەدا همایۆنی، مەلامستەفای بۆ مەهاباد بانگهێشت کرد و لە مەبەستەکانی ئەوی کۆڵیەوە. مەلا وتی" ئەگەر ئاسایشی بپارێزرێت، ئەوا بۆ ( بارزان )ی عێراق دەگەڕێتەوە و همایۆنیش فەرمانیدا کە لەگەڵ سەرهەنگ دووەم (غەفاری) بچێت بۆ تاران و مەسەلەکەی لەوێ چارەسەربکات. ڕۆژی ( 27 )ی کانونی یەکەم، چاوم کەوت بە هاوڕێم (دکتۆر ئیسماعیل ئەردەلانی) سەرنوسەری ڕۆژنامەی کۆهستان. پێیوتم کە" سەدری قازی و مەلامستەفا هەردووکیان لەتارانن و بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە چاوپێکەوتنی منی ڕێکخست لەگەڵ سەدری قازیدا.. لە مەهاباد سەدری قازیم نەبینیبوو، دەموچاوی ئەویش لێکچونێکی لەگەڵ براکەیدا هەبوو، مووە زۆرەکانی خۆڵەمیشی ببون بەڵام لە براکەی قەڵەوتربوو. دیاربوو ئەزمونی ئەوی نەبوو. منی ئاگادار کردەوە لە تەواوی خاڵەکانی تەسلیمکردنی مەهاباد و چارەنووسی ئەو مەهابادییانەی کە بینیبووم.

برا و ئامۆزاکەی هێشتا لەژێردەستبەسەریدابوون. ئەوانیتر، لەڕیزیان دا (سەید ئەحمەد تەها) ڕایکردبوو بۆعێراق و لەوێ دەستگیرکرابوو. چاپخانە داخرابوو، تەواوی ئەم هەواڵانە هەواڵی دڵتەزێن بوون





و نیگەرانی و ترسی ئاشکرای ئەویش" بەتەواوی جێی سەرنج بوو.

ڕۆژیدواتر، دووئەفسەری سوپا ئەویان بۆدیداری قەوام بردو دواتر بە ئوتومبێلێکیجێب بۆمەهاباد نێردرا تا لەگەڵ براکەی و ئامۆزاکەی دادگایی بکرێت.

هەمان ڕۆژ ، واتا (30)ی کانونییەکەم، سەرهەنگی دووەم(غەفاری)" لە مەکتەبەکەی من ئامادەبوو. لە سەقز لەگەڵیدا ئاشناببوم، لەهەمان ئەو شوێنەی کە ئەو ئەفسەری پەیوەندی نێوان جەنەڕاڵ همایۆنی بوو لەگەڵ هۆزەکوردەکاندا. بەڕووبەڕووبونەوەی باش و لەگەڵ تێبینییەکانی لەسەرئەندامانی هۆزەکان، منی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. منی بۆماڵیخۆی بانگهێشتکرد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلامستەفادا و منیش بەیاوەری کۆلۆنیل(( سەکستۆن )) لەیەکەمین ڕۆژی ساڵی(1947)دا، چووم بۆ چاوپێکەوتنی. غفاری لە دەرەوەی ماڵەکەیدا، پێشوازی لەئێمە کردو دوای ڕێنماییکردنمان بە پلیکانەیەکی ڕزیو وکۆندا، ئێمەی بۆ ژوورێکی سارد برد کە بەشێوازێکیکۆن چەند کورسیەك بەدەوری یەکتردا ڕیزکرابوون و مێزیکی بچوکیان لە ناوەڕاستیدا دانابوو.

لەوێ لەگەڵ پیاوێکی کورتەباڵادا کە کۆتێکیڕەشی لەبەردابوو" ئاشنابووم و ئەم پیاوە هەمان مەلامستەفا بوو! مەلامستەفا چاو و برۆی

www.pertwk.com



ڕەش بوو و شێوەی سەری تاڕادەیەك چوارگۆشە بوو و داپۆشرابوو بەمووی ڕەشی زۆر کورت و کە تاڵی خۆڵەمێشیشی تیادا بەرچاودەکەوت. ناوبراو تەختی ناوچاوانی کورت و دەموچاوێکی مۆن وغەمباری هەبوو. تیشکێك لەچاوانییەوە دەدرەخشایەوە. شان و قیافەیەکی ئاسایی هەبوو، بەڵام ڕەنگە بەجلوبەرگی کوردی و لەناوپیاوانی عەشیرەتەکەیدا خاوەنی هەیبەت و بەشکۆ بووبێت. فارسییەکەی بە شێوەزارێکی قورسی کوردی بوو.

مەلامستەفا وتی: ((کاتێك بەزۆر لە عێراق دەرکرام، لەسەرسنور جەنەراڵی شورەوی (لیوبۆف) و ئەفسەرانی‌تری ڕووسی بە ئێمەیان وت کە" بۆ مەهاباد بڕۆین و خۆمان بخەینە ژێرفەرمانی قازی‌محەمەدەوە. (50) ڕۆژ دواتر، لایەنگرەکانم بۆ مەهاباد برد. لەو سەردەمەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم لەگەڵ شورەوییەکاندا نەبوو. جگە لە ماوەی سەفەرێکدا بۆ تەورێز بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی ماڵەوەمان کە دەمویست لە نەخۆشخانەیەکی شورەوی دەرمان بکرێت، سەردانی‌ئەوانم کرد. هیچ ئەفسەرێکی شورەویش لە کارەکانماندا ڕاوێژکاری ئێمە نەبووە)).

پێدەچوو ئەو لەگەڵ هەندێك لەمەئمورانی سیاسی ئینگلیز لەعێراق، یادەوەری خۆشی هەبێت و خەفەتی لەوە دەخوارد لەبری ئەوان کاریان بە کەسانی‌تر سپارد بوو. دکتۆر هۆفی دەهێنایەوە یاد.

کورد له یاداشتەکانی ئارچی رۆزڤێڵت دا

ناوبراو دواتر ئێمەی بۆ ژوورێك برد کە تیایدا دوو ئەفسەری کوردی عێراقی دانیشتبوون. هەردووکیان چاکەت و پانتۆڵی نوێی مۆدیل ئەوروپاییان پۆشی بوو و یەکێکیان کڵاویکی جوانی‌لەسەربوو. عیززەت عەبولعەزیز لە مەهاباد بینی‌بووم – بێگومان ئەوکاتە نەمدەزانی کە کێیە– وچەند وشەیەکم قسە لەگەڵدا کرد بە زمانی ئینگلیزی و کوردی (چاودێرە کوردەکانم، زۆر حەزیان لەم بابەتە نەدەکرد). ناوبراو ئەوکاتە جلوبەرگی ناوچەیی ئاویی جوانی لەبەردەکردو ئەندامانی‌دەموچاوی ڕێك وگونجاوبوو و بەچاو وبرۆ ڕەشەکەی و ڕووەخۆرسوتێنەرەکەیەوە لێکچونێکی لەگەڵ ( باباعەلی)دا هەبوو. بەباشی بە ئینگلیزی دەدوا، بەڵام بەکۆنەکەی‌و بەزمانی ڕێزمانی – ڕێك وەکو ئینگلیزییەکەی میرحاج کە پیاوێکی سمێڵ ئەستوری ئەندام گەورە بوو. دەوموچاوە سپییەکەی بە ریشێکی کۆرپەی ڕەنگ قاوەیی داپۆشرا بوو–. میرحاج هەرگیز زەردەخەنەی نەدەخستە سەر لێو و بەتوڕە دەهاتە بەرچاو. جارێك دەستی لەرزی، لەرزینێکی زۆر خێراو دەستیکرد بە سوڕانەوی دەستی لە هەوادا بەجۆرێك کە دەتوت سەرگەرمی نووسینی پیتە بە خەتی عەرەبی.

ئەوان هەوڵیان دەدا باسی ئەوەبکەن کە بۆچی ناچار بوون لە سوپای عێراق ڕابکەن و پەیوەندی بەهێزەکانی مەلامستەفاوە بکەن. عیززەت دەیوت" لە سەردەمی وەزارەتی نوری‌سەعید کەلەگەڵ کوردەکان

www.pertwk.com



نەرم بوو، هەندێك لە ئەفسەرانیکورد سەرپەرشتی ناوچەکانیان لە باکور پێسپێردرابوو. تەنانەت وەزیری ناوخۆ(ماجد مستەفا) پێشنیازی بۆخودی ئەو کردبوو وەکو فەرماندەری سەربازی بۆ باکور بڕوات. بەڵام دوای شکستی کابینەی نوریسەعید، دەوڵەت دەستیکرد بە خوڵقاندنی دەردەسەری بۆ مەئمورانی کورد.

مەئمورانی سیاسی دێرینی ئینگلیز کە دەرکیان بە پێگەکانیان دەکرد، ڕۆیشتن و بەداخەوە کەسانیتر لەبری ئەوان داندران. قەیرانەکە کاتێك ڕوویدا کە مەئمورە سیاسییە نوێیەکان، تازە دەیانویست بە مەسەلەکان ئاشنابن. عیززەت و میرحاج لەڕیزی دوانزدە ئەفسەری سوپای عێراقیدا بوون کە لەگەڵ پەنجا ئەفسەری ناوچەییو ژمارەیەك لە سەربازان و مەئموران و مامۆستایانی عێراقی کە دەگەیشتنە سەدان کەس، پەیوەندیان بە بارزانیەکانەوە کرد.

له مەلامستەفام پرسی: (ئێستا لەبەرنامەتدایە چ کارێك بکەیت؟).

– (من دەمەوێت بۆ عێراق بگەڕێمەوە. ماوەیەکی زۆرە دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ نیشتیمانم، بەڵام دەوڵەتی عێراق گرەنتیەك بە ئێمە نادات. ئەگەر گفتوگۆکانمان لەگەڵ عێراق بە ئەنجامێك نەگات، ئومێدەوارم کە ئێران پەنابەری بەئێمە بدات. ئێران وڵاتی ئێمەیە. ئێمە ئێرانین و ئێرانیەکان لە خۆمانن. ئێمە حەزدەکەین بگەڕێینەوە بۆ سەرماڵ و ژیانمان لە





بارزان، بەڵام ئەگەر نەبوو، لەهەمان جێگا دەمێنینەوە!).

مەلامستەفا یەك مانگ لە ئێران مایەوە، دوای شکستی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی گرەنتی لە ڕێگەی سەفارەتی بەریتانیاوە بۆ گەڕانەوەی بێمەترسی بۆعێراق، لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران گفتوگۆیەکی بۆ بەدەستهێنانی ڕێککەوتنێك ئەنجام دا. ئێرانییەکان ئەگەرچی مۆڵەتیان نەدەدا کە پەیڕەوانی مەلا لە کوردستان بمێننەوە، بەڵام ئامادە بوون ئەوان لە جێگایەك لە ناوچەی کێوەکانی نێوان کاشان و هەمەدان نیشتەجێبکەن.

مەلامستەفا لە دوای یەك مانگ مانەوەی لە تاران، بۆ باکور گەڕایەوە تا دەربارەی ئەم پێشنیازە بیر بکاتەوەو لەگەڵ پیاوەکانیدا باس وڕاوێژی لەسەربکات.

بەڵام شێخ ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵێکیتر بەتوندی دژی پێشنیازی ئێران بوون – پێشنیازێك کەڕەنگە هەرگیز خودی مەلامستەفا بۆخۆی قبوڵی ناکات – سەرئەنجام بارزانییەکان بە (همایۆنی)یان ڕاگەیاند لەهەمان شوێنی ئێستا دەمێننەوە و هیچ مەرجێکیش پەسەند ناکەین.

(همایۆنی)یش بێدواکەوتن لە نەغەدەوە بەمەبەستی سەرکوتکردنیان، لەشکرکێشی کردو ئەوانیش بەناچار لەکۆتایی شوباتدا بەرەو ڕۆژئاواو بۆلای سنوری عێراق ڕۆیشتن. بەڵام بەفری زۆر

www.pertwk.com



ڕێگای نەدان لە تەنگەکەوە تێبپەڕن و بەمشێوەیە لەخاکی ئێراندا مانەوەو لەسەرتاسەری مانگی‌ئازاردا، درێژەیان بە شەڕوشۆڕ دا لەگەڵ سوپای ئێراندا. سەرئەنجام بەتەواوی دیاربوو کە ناتوانن لەوە زیاتر بەرگری بکەن. شێخ ئەحمەد لە سەرەتای مانگی نیساندا، تەواوی عەشیرەتەکەی بۆ عێراق بردەوەو بەهۆی دەردەستکردنی گرەنتینامەیەکی نوسراوەوە لە دەوڵەتی عێراق، عەشیرەتەکەی بەتەواوی تەسلیمی سوپای عێراق کرد کە چاوەڕوانی هاتنیان بوون. خۆی ئەگەرچی گیانی پارێزراومایەوە، بەڵام تەواوی ئەفسەرانی کوردی سوپای عێراق کەلە گەڵیدا بوون، لەڕیزیاندا (عیززەت عەبدولعەزیز)" لە مانگی حوزەیراندا لە سێدارە دران.

میرحاج کە دواتر زانرا، ڕێگایەکی عاقڵانەتری گرتبووەبەر. بە پێچەوانەی مەلامستەفاوە لە تەسلیمکردنی خۆی بە لێپرسراوانی عێراق دەرباز ببوو، ڕێگایەکی‌تری بەرەوسنور گرتبووەبەر. ڕێگایەك کە دەگاتە کوێستانەکانی ناوچەی خۆی لەدەوروبەری بارزان. ناوبراو لەدرێژەی گفتوگۆیەکدا لەهەمان شوێن، زانی کە ناتوانیت باوەڕ بەعێراقییەکان بکات و ئێرانییەکان و بێگومان تورکیاش پەناهەندەیی ناداتێ. گوایا لەدواییدا پەیوەندی بە ڕووسەکانەوە کرد بوو. چونکە ڕۆژی(27)ی مانگی ئایار، لەگەڵ ( 500 ) کەس لە





ئەندامانی بەسنوردا تێپەڕین و چوونە خاکی ئێرانەوە .

کاتێك مەلاو بارزانییەکان سەرگەرمی پێشڕەوی بوون بەرەو باکورو تێپەڕ بوون بە ڕێگای کویستانیدا ولەم ڕەوتەدا یەك جار بۆماوەیەکی کورت چوونە خاکی تورکیاوە. خودی شا فەرمانێکی توندی بە سوپای ئێران دا لەپێناوی بەرگرتن لە دووبارە هاتنەوەیان بۆ خاکی ئێران. بەڵام سوپا نەیتوانی پێیان بگات تا ئەوکاتەی کە لە خوی تێپەڕین و لە سنوری شورەوی نزیکبوونەوە. سەرەتا بارزانییەکان هێرشیان کردو دوای کوشتاری ستونی‌سوپا، لە رووباری ئاراس تێپەڕین و چوونە خاکی شورەوییەوە . چارەنووس وابوو کە ئەوان لەساڵی (1958)دا دووبارە بۆ عێراق گەڕانەوە و دەستیان کردەوە بە گێڕانی ڕۆڵە دێرینەکەیان وەکو دڕکێك لە چاوی دەوڵەتی عێراقدا.

بەڵام قازی‌محەمەد زووتر لەوان ڕووبەڕووی چارەنووسی‌خۆی بۆوە. هەرسێ قازی لە دادگایەکی سەربازیو بەشێوەیەکی نهێنی، لە مەهاباد دادگاییکران و ڕۆژی (23)ی کانونی‌دووەم بە مەرگ حوکمدران. بەڵام جێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدانیان لە لایەن تارانەوە دواخرا، چونکە قەوام نەیدەویست کە لەناو گفتوگۆ هەستیارەکانیدا لەگەڵ شورەوییەکان، دەنگ وسەدایەك بەرزببێتەوە .

www.pertwk.com



ماوەیەکی کورت بەرلەوەی من تاران بەجێبهێڵم لە شوباتی ساڵی (1947)دا، جەنەراڵ ڕەزم ئارا چوو بۆ مەهاباد و من بەڵگەم هەبوو کە دڵنیابم ئەرکی چاودێری لەسێدارەدانی برایانی قازی بەو سپێردراوە. من بەپەلە چووم بۆ چاوپێکەوتنی (جۆرج ئالن)ی سەفیرمان، بۆ ئەوەی بزانم ئایا دەتوانێ کارێك بکات. سەفیرەکەمان لەمنی پرسی: (بۆچی ئەوەندە نیگەرانی قازیەکانی؟ هەرچۆنیك بێت ئەوان لەگەڵ شورەوییەکاندا هاوکاریان دەکرد).

– ( باشە ڕاستە، بەڵام ئەوان تێدەکۆشان هەرچی لەتوانایاندایە بۆ باشترکردنی بارودۆخی هاوولاتیان" ئەنجامی بدەن و شورەوییەکانیش تەنها کەسانێ بوون کە مەیلیان نیشان دا بۆ کۆمەکردنی ئەوان. ئەگەر ئەوان لەسێدارە بدرێن، هەموو لایەك ئێمەش بە هاوبەشی ئەمکارە دەزانن).

– ( باشە چاوەڕێی من چی بکەم ؟).

– (پێم وایە تۆ دەبێت داوا لە شا بکەیت فەرمان بە ڕەزما ئارا بدات کە قازییەکان بۆ دادگاییەکیدادپەروەرانەو ئاشکرا" بیانهێنێت بۆ تاران).

لەسەر داوای سەفیر، دەستبەجێ شا پێشوازی لێ کردبوو. سەفیرەکەمان لەم چاوپێکەوتنەدا ئومێدەواری خواستبوو بوو مەسەلەی هۆزەکان و لەناویاندا مەسەلەی کوردەکان بەباشی چارەسەر بکرێت. دواتر وتبوی ئەگەرچی قازییەکان لەگەڵ





شورەوییەکاندا هاوکاریان کردووە، بەڵام خزمەتێکی زۆریشیان لە زەمینەی فێرکردنی هاوولاتیاندا ئەنجام داوە – لێرەدا شا قسەی ئەوی بڕی بوو و بەزەردەخەنەیەکەوە لە سەفیری پرسی بوو: ( تۆ لەوە دەترسیت من ئەوان گوللەباران دەکەم؟ ئەگەر مەسەلەکە ئەمەیە" ئاسوودەبە چونکە هەرگیز خەیاڵی وام نیە).

سپێدەی ڕۆژی (31)ی مانگی ئازار، قازییەکان بەفەرمانیخاوەنشکۆ شاهەنشا، لە سێدارەدران!. پێدەچێت شا ڕێك دوای ئەوەی کە سەفیرەکەمان لە تەلارەکە دەرگاکەی بەدوادا داخراوەو ڕۆیشتووە، فەرمانی لەسێدارەدانیانی دەرکردبێت!.

www.pertwk.com



# پەراوێزەکانی وەرگێری کوردی

– لەسوپای ئێرانیدا، پلەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەم شێوەیەیە: سەرتیپ ، سەرهەنگ ، سەرگەرد ، .....

بەڵام حکومەتە خۆماڵییەکەی کۆماری مەهاباد، پلەکانی سەربازی بەشێوەیە گۆڕی بوو:

| | |
|---|---|
| سەرباز | پێشمەرگە |
| جوگە | لیزگە |
| گروە | قول |
| دەستە | دەستە |
| گروهان | چل |
| گردان | لك |
| هنگ | پۆل |
| تیپ | تیپ |
| لەشکر | لەشکر |
| سپاە | هێز |

بۆ زانیاری زیاتر بنۆڕە: (حکومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤیەتیدا.. نوسنی/ نەوشیروان مستەفا ئەمین ... لاپەڕە 152_153)

– بێگومان لێرەدا پێشبینییەکەی لەجێیخۆیدا بووە، چونکە ئەم زنجیرە ووتارە کە ئەو کاتە لەو گۆڤارەدا بەبێناو بڵاوکراوەتەوە و وای بۆ چووە (ئیحسان نوری پاشا) دەینووسێت. لەساڵی (1996) دا بەکۆششی کاوە بەیات

کورد لە یاداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێڵت دا

کۆکرایەوەو هەرلەژێر ئەو مانشێتەدا بە زمانی فارسی لە تاران چاپکراو دەرکەوت کە ئیحسان نوری پاشا نووسیوییەتی.

– بەداخەوە هەندێك لە مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس و سیاسەتمەداران سەبارەت بە بنەچەی لوڕو بەختیاریەکان بەهەڵەدا چوون، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی پلانەکانی دوژمنانە بۆ دابڕینی بەشێکی گەورەی کورد لەنەتەوەی کورد ... لەهەمان کاتدا زۆربەی مێژوونووسە دێرینەکان باسیان لە کوردبوونی لوڕ کردووە وەکو (( یاقوتی حەمەوی، ئەمین زەکی بەگ، شەرەفخانی بەدلیسی))...بۆ زانیاری زیاتر بنۆڕە:

*(خۆلاصەیەکی تەئریخی کوردوکوردستان .. ئەمین زەکی بەگ .. لاپەڕە 19–20 ) . یاخود:

* (شەرەفنامە ، شەرەفخانی بەدلیسی ، لاپەرەکانی 24–34 ) .

*سەبارەت بە شێوەزاری لوڕ کەبەشێکە لە زمانی کوردی بنۆڕە:

(الغە الکردیە.. التوزیع الجغرافیللهجاتها ، فواد حمە خورشید ، من صفحە 36 الی 42)

***بەزمانی ئینگلیزیش بنۆڕە :***

***rawlinson , major , (notes on amarch from zahab..) ,J.R.G.S .,VOI.9, part 1, 1839,pp. 26-116***

***یاخود :***

***vol. 1. london , 1981, p. 95- 297)op (mrs.) , ( jorny in persia and Kurdistan).***

www.pertwk.com

www.pertwk.com



ـ . ـ . ـ کورد لە یاداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێڵت دا . ـ . ـ . ـ .